ئیسلام لێنەوی تا چەمك و واتای بتپەرستی و ماددی و ئیغریقی بەرز ڕاگرێ بەو نیازەی بە یەکجار ئیسلام لەناو بەرێ وەك چۆن هەندێ سەرکردەی صەهیۆنی ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئەو کارە هەوڵێکە بۆ داگیرکردنی جیهانی ئیسلامی لەڕووی بیروباوەڕو هزرییەوەو جارێکی تر گێڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ باری پێش هاتنی ئیسلام.

ئەمە ئەو هەوڵە مەترسیدارە بوو کە ئیسلام بەرامبەریان وەستا، هەموو ئەوانە بەرگی داگیرکەری و ڕەوتی ئابووری و کۆمەلایەتی ڕۆژئاوایان لەبەربوو و قوولترین ئامانجیان گێڕانەوەی جیهانی ئیسلامی بوو بۆ باری پێش ئیسلام و لێسەندنی ئەو ناوچانە لە ئیسلام و گێڕانەوەی ئیسلام بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی.

بێگومان هەوڵە دەمارگیریەکان بەو جۆرە لە جیهانی ئیسلامیدا بە چەندین ناوی شاراوە کارا بوون کە لە ڕاستیدا لە پشتەوە جیا بوون لە نەتەوایەتی و نیشتمان ویستی و شتی تر، بەلکو تەنها هەوڵیان بۆ دامەزراندنی چەند قەوارەیەکی کەمینەی پەرت و جیا بوو تا لە ڕیشەوە بیگەڕێنەوە بۆ باری پێش ئیسلام کە بریتی بوو لە فینیقی و فیرعەونی و بابلی و ئاشوری و بەربەری و زنجی تا بتوانن بە یەکجاری و بە ئاسانی ئیسلام لەناوبەرن.

ئەگەر ئەزموونی بەنی ئیسرائیل سەبارەت بە پێغەمبەرایەتی و دەسەلات بە تەواوەتی دارما بەهۆی سەرنەکەوتوویان لە دامەزراندنی حەق و دادپەروەریداو بارەکەش بە گواستنەوەی پێغەمبەرایەتی و پەیام و ڕێبەری و دەسەلات گوازرایەوە بۆ بەنی ئیسماعیل کە ئالای بانگەواز بۆ ئایینی حەقیان هەلگرت کە خۆی لە ئیسلامدا دەبینیەوە و لەگەل پەیامی یەکەمی حەنەفیەتی ئیبراهیمیدا تەواوکار بوو، ئەگەر ئەزموونی بەنی ئیسرائیل شکستی خوارد ئەوا دوای چواردە سەدە لە دەرکەوتنی ئیسلام سەرلەنوێ هەولدەدات قەلەمڕەوی بگێڕێتەوە کاتێ نەیتوانی حەق پەیڕەو بکات، بەلکو ڕێبەری جیهان بەخشرا بە ئوممەتێکی تر کە توانای هەلگرتنی ئالاکەی زیاتر بوو ئەویش ئوممەتی ئیسلامی بوو.

لێرەوە کرۆکی جەنگەکە لەپێناو سەرخستنی ئیسلامە لەلایەن خواوە بەسەر هەموو ئاییندا بەجۆرێ هیچ ترسێ لە ئیسلام نیە لەگەل هەر بارێکدا بچوکترین بەریەککەوتنی هەبێ

کە لەسەر حەق دانەمەزرابێ بەڵکو لەسەر ڕاڤەی ساختەو ڕێبازی دانراوو مەزهەبی ئارەزوو و کینەکاری دژ بە هەموو مرۆڤایەتی دامەزرابێ، هیچ ترسێ نیە ئەوە ئیسلام بشکێنێ.

بەڵێ ئیسلام لەو کاتەوەی ڕێبازەکەی کامڵ بوو و پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ڕەفیقولئەعلا هەڵبژێرێ ئەو بنەڕەت و پایەی دامەزراند کە هیچ ترسێکی لێی نەمێنێ ﴿الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً﴾

ئیسلام لە جەرگەی ڕووداوەکان و لە بواری ململانێ و بەرەنگاربوونەوەی تەحەدداکاراندا لەدایك بوو، بۆیە هەوڵی بەدرۆ دانان یان کەمدانان و ساختەکردنی و گومان لەسەر دروستکردنی تا ئەمڕۆش لەسەر زاری نەیارانی بەردەوامەو نەوەستاوەو بەدڵنیایشەوە هەرگی لەو دژایەتیەیان ناوەستن.

سەرەڕای ئەو بەرەنگاربوونەوە مەترسیدارەی هەموو جیهانی گرتووەتەوەو ئاگرەکەی کڵپەی کردووە لەنێوان مشتومڕی هزری یان شمشێر هەڵکێشاندا، ئەوا ئیسلام بەردەوام توانای هەیە حەق بچەسپێنێ، لەو بارە سەختانەدا کە ئیسلام لە ئەندەلوسدا پاشەکشەی پێ دەکرا یان ناچار دەکرا لە بەلقان دراوسێی ئەوروپا بێ ئەو کات گەورەترین فتوحاتی خۆی کردووەو لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لە جەرگەی ئەفریقادا زەویەکی نوێی دەست کەوتووە، بەردەوام ئیسلام توانای هەیە بێوەستان بەسەر زەویدا بڵاوبێتەوە، ئەگەر ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە سەردەمی ڕێنیسانسدا پەیڕەوی مێژووی لە ئەوروپاو ئاسیا گۆڕی ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانێ لە ئەفریقاش وا بکات و چەند بازنەیەکی نوێ پێکبهێنێ کە لەوێوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا پەیامی خوا بڵاوبکاتەوە تا لە نموونەی بالآی خۆیدا تێکەڵی دروست بکات ﴿كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ﴾.

ئەمڕۆ کە ژیاری ڕۆژئاوا گەیشتووەتە لوتکەی خۆی هەموو مرۆڤایەتی ڕووەو ئیسلام دێ دەبینی ئیسلامیش چارەسەری بالآ بۆ کێشەو گرێ کوێرەکانی و مەسەلەی ورووژاو و تەنگژە

سەختەکانی پێشکەش دەکات. ئیسلام بەردەوام توانای تەواوی هەیە مرۆڤایەتی بەرەو حەق ڕێنمونی بکات. لە هەموو شوێنێ ئەو پرسیارە دەوترێتەوە: لەمرۆدا کە بار ئالۆزەو ژیاری ڕۆژئاوایی ماددیگەراش گەیشتووەتە ڕێیەکی داخراو و لەم کاتەدا ئیسلام دەتوانێ چی بە مرۆڤایەتی ببەخشێ؟ ئێمە دەڵێین ئیسلام دەتوانێ شتی زۆری پێ ببەخشێ کە دڵنیایی دەروونی و یەقینی بۆ بەدی دێنێ. دەتوانێ تیشکی ڕاستی و ئاشکراکەری پێ ببەخشێ کە سوکنایی ناو دڵ و عەقڵەکان دەبوژێنێتەوەو ڕاڕایی و پەرتبوون لەناودەبات.

لە سەختترین باری تەنگژەی جیهانی ئیسلامیدا کەبەرەو ڕووی تەحەدای داگیرکاری و ڕۆژئاواگەری و موژدەبەری بووەتەوە، هاملتۆن جب دەڵێت: هێشتا ئیسلام دەتوانێ خزمەتێکی بەرزو باڵا پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، لێرەدا هیچ شتێ جگە لە ئیسلام نیە بتوانێ وەك ئیسلام سەرکەوتوو بێ لە وابەستە کردنی ئەو هەموو ڕەگەزە جیاجیا مرۆییانەدا کە لەیەك بەرەدا یەکیان بخات لەسەر بنەمای یەکسانی، جامیعی گەورەی ئیسلامی لە ئەفریقاو هیندو ئەندۆنیسیا، بەڵکو ئەو زانکۆ ئیسلامیە بچوکەی لە چین یان یاباندا هەیە هەموویان ئەوە ڕوون دەکەنەوە هێشتا ئیسلام توانای هەیە بە تەواوەتی زاڵ بێ بەسەر ئەو جۆرە ڕەگەزو چینە جیاوازانەدا، ئەگەر ناکۆکی و کێشەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بخرێنە بەر باس ئەوا بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکە هەر دەبێ پەنا ببرێتە بەر ئیسلام.

هەموو ئەو بانگەوازە دەمارگیریانەی بانگەوازیان دەکرد بۆ نزیکی دارمانی ئیسلام یان دەیانوت دەبێ ئیسلام چی ناوچەی لە ئەوروپا سەندووەو پێشتر لە ماوەی هەزار ساڵەی دەوڵەتی ڕۆمانیدا سەربە ڕۆما بوون بیانگێڕێتەوە. هەموو ئەو بانگەوازانە دارمان.

(غلادستۆن) کە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا پێشبینی ئەوەی کردووە ئیسلام تەمەنی لە دوو سەد ساڵ زیاتر درێژە نەکێشێ و لێکهەڵوەشێ و لەناوچێ، ئەگەر ئێستا غلادستۆن زیندوو بوایە دەیبینی بانگەشەکەی چەند درۆ دەرچوو و خەیاڵەکەی چەند پووچ بووە، غلادستۆن دەیزانی موسڵمانان تەنها لەسەر

پەیامی قورئان ڕاوەستاون، بۆیە دەڵێت تا ئەو کتێبە لەسەر زەویدا مابێ هەرگیز ناکرێ بەسەر موسڵماناندا زاڵ بن.

دواتر هەڵمەتە موژدەبەریەکان بۆ بە مەسیحی کردنی موسڵمانان هەڵمەتی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ وروژاندنی گومان و هەڵمەتی ڕۆژئاواگەری بۆ پاشکۆکانی موسڵمانان بۆ بیری ڕۆژئاوایی دەستیان پێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا موسڵمانان بەرامبەر شاڵاوی لەناوبردن و ساختەکردن و گۆڕینی ئیسلام وەستان و توانییان لە ناوخۆوە نوێگەری ببەخشنەوە، ئەویش بە چوونەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام کە هەر لەوێوە شۆڕشێکی نوێ دروست دەبێ، سەبارەت بەو هەزار ساڵەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی ڕۆمانیدا بوون هیچکات ڕۆژئاوا نەیتوانی ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە سەر ئایین یان زمانی دەوڵەتی ڕۆمانی.

ڕۆژنامەی المشرق لە لوبنان کە زمانحاڵی موژدەبەران بوو دەڵێت: ڕۆمای کۆن لە وڵاتی مەغریبی ئیسلامیدا چەند شوێنەوارێکی نەسڕاوەی جێهێشت. لەو وڵاتانەی ئەفریقای باکوردا ماوەی شەش سەدە زمانی لاتینی چەسپاند و چەند ئەبێکی گەورەی وەك قدیس ئۆگەستینۆس کلێسایان دامەزراند، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شوێنەوارە ڕۆمانی و مەسیحیەکانی کوژانەوەو ئیسلام قەڵەمڕەوی خۆی بڵاوکردەوەو هەموو شتێکی دەگرت. دەبێ ئەم گۆڕانە نامۆو شوێنەوارە قووڵەی ناو مێژووی کەناراوی دەریای ناوەڕاست چۆن ڕوویدا؟ ئەوە نهێنیەکی نارِوونە کە کەس پێشتر نەیتوانیوە ئاشکرای بکات، بۆیە ئەو سەدانە بە سەدە تاریکەکان ناسراون.

بەڵێ دوای هەزار ساڵ هەموو شتێ سڕایەوەو هەوڵەکانی سەردەمی نوێش دوای داگیرکردنی جەزائیر هەر لە ساڵی ١٨٣٠ تا ڕزگارکردنی لە ١٩٦٢ (مەغریب و تونس و لیبیایش هەروا) کەوتنە هەوڵی گێڕانەوەی ئەو بیرو ئایین و زمانە، بەڵام چی لەو پێناوەدا هەوڵیان داو ئەبی سپی پێست و کەسانی تر بۆی تێکۆشان هەمان ئەنجامی پاش دوو سەد ساڵەی جەنگە خاچپەرستیەکانی هەبوو.

هەوڵی زۆر درا تا موسڵمانان لە دیدی خۆیانەوە بەرەو دیدێکی تر ببرێن، بەڵام پیلانەکەیان سەری نەگرت، موسڵمانان لەو کاتەوەی ئیسلامیان ناسیوە قیبلەیان یەك بووەو لەوە لایان نەداوەو دڵ و عەقڵیان وابەستەیەتی، دڵیان بە ئیمان و عەقڵیان بە هزر وابەستەیەتی، ڕۆژێ لە ڕۆژان دەریای سپی ناوەڕاست قیبلەیان نەبووەو بەردەوام کەعبە جەرگەی بازنەی خاکی ئیسلام بووە لەو کاتەوەی زمانی قورئان کە عەرەبیە لە سوریا زمانی سریانی و لە میسر زمانی قیبتی سڕیەوە تا ئەمڕۆ هیچ ڕێیەك نەماوە بۆ پێشکەوتنی زمانێکی تر تەنانەت بۆ شێوەزارێکی ناوچەییش.

هەوڵی زۆر درا تا موسڵمانان ببرێن بەرەو واتاکانی بیری مەسیحی ڕۆژئاوایی تلمودی و بۆ ئەوەش هەموو پێناوێکی توندو تیژی و هەڵخەڵەتاندن و ڕازیکردن خرانەکار، بەڵام هەموویان بێ ئەنجام بوون و بانگەوازیشیان بۆ دروستکردنی شۆڕشێ بوو کە هیچ پەیوەندی نەبێ بە ئایین و ئەخلاقەوە بەڵام موسڵمانان بەردەوام بۆ شۆڕشەکەیان بۆ ڕاستترین و ڕەسەنترین ڕێبازو دەقی دڵنیا دەگەڕانەوە کە ئەویش قورئانی پیرۆزە، بەوە بەردەوام باوەڕیان بەهێزتر بوو لەو بارانەی پێشوتر کە تیایدا چەمك و دیدی جەبریەتی سۆفیەکان یان عەقڵانیەتی موعتەزیلەکان بوونی هەبوو.

موسڵمانان بانگەواز و مەزهەب و ڕەوت و ئایدۆلۆژیای زۆریان ئاراستە کرا بەڵام هەموویان شکستیان خوارد، دواتر چەند ئایین و بیروباوەڕێکیان بۆ خرانە ڕوو کە ئەوانیش دەنگۆیان نەبوو. فەرید وەجدی دەڵێت: ئەگەر بانگەوازێکی ئایینی لەناو ئومەتێکدا سەرکەوتوو نەبێ ئەوە ئومەتی ئیسلامیە چونکە ئایینەکەی خۆیان کۆکەرەوەی هەموو ئایینەکانە و پاك و پوخت و گونجاویشە لەگەڵ عەقڵ و زانستیشدا، موسڵمانان بڕوایان هەیە بە هەموو پێغەمبەران و فەرمانیان پێکراوە جیاوازی نەکەن لەنێوان هیچکامیان، بڕوایان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان هەیەو ڕێزی هەموو کتێبەکان دەگرن چونکە گەورەترین هێزی سەرزەوی ناتوانێ ئایینیان پێ بگۆڕێ.

(ئەنیس فریحە) دەڵێت: ئەوروپا هەوڵیدا لەڕێی وشەوە ئەو شتە بەدەست بهێنێ کە باوو باپیرە خاچپەرستەکانیان نەیانتوانی لەڕێی شمشێرەوە بەدەستی بهێنن، ئەویش ملکەچکردنی هەموو جیهانە بۆ مەسیحیەت، بەڵام ئیسلام وای نەکردووە، بەڵکو خەڵکی بانگهێشت دەکات بێ ئەوەی هیچ زۆرێکیان لێ بکات، کاتێکیش لە شوێنێ دەسەڵاتی دەگرتە دەست وازی دەهێنا تا خەڵکی ئازادی بیروباوەڕیان هەبێ. زۆربەی ڕۆژئاواییەکان (بەپێی دەربڕینی م.رح. کویت) گۆشبوون لە ڕقبوون لە ئیسلام و ئەوەیان لە کۆشی دایکیانەوە وەرگرتووە، کەچی ئیسلام موسڵمانانی گۆش کردووە لەسەر خۆشەویستی سەید مەسیح و بڕوابوون بە مەسیحیەتی دابەزیو و ئینجیلی دابەزیوو و هەموو کتێبە ئاسمانی و ئایینە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران و جیاوازی نەکردن لەنێوانیاندا.

بەپێی دەربڕینی (هاملتۆن جب) موسڵمانان یەکەم کەسانێ بوون لە بواری بەراوردی ئایینەکاندا نووسینیان داناو لەوەشدا بەرامبەر بیروباوەڕەکانی تر سنگ فراوان بوون (هەوڵیان دەدا لەو بیروباوەڕانە تێبگەن و بە بەڵگە تێکیان دەشکاند) بەڵام ئەوروپیەکان و پیاوانی ئایینی ئایینەکانی تر بە توندو تیژی هێرشیان دەبردە سەر ئیسلام و گومان و شوبهەیان لەسەر ئیسلام دادەهێنا.

موسڵمانان بڕوایان وایە مەسیحیەت ئایینە، ئیسلامیش ئایین و لە ئایین زیاتریشە. توێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە ئیسلام نەچووەتە شوێنێ و لێی دەرچووبێ. ئەلین برۆدریک دەڵێت: ئیسلام تاکە ڕەوتی موژدەبەرییە کە لەسەر زەویدا کە تیایدا چەکەرەی کردووەو گەشەی سەندووە لاواز نەبووبێ. تێبینی دەکرێ کاتێ ئیسلام ناوچەیەکی فەتح کردووە بەتەواوەتی فەتحی نەکردبێ ئیسلام چووبێتە ناوی تا ئەمڕۆ ئیسلام لەو ناوچە نەچووەتە دەر، ئەمە وێڕای ئەوەی ئیسلام توانای ئەوەی هەیە دوژمنانی بکات بە پشتیوانی خۆی و لە تواندنەوەیاندا هەڵکەوتووە، هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر بە تەتەرەکان ئەو ڕاستیە سەرسوڕهێنەرو سەرسامکەرە مێژووییەمان بۆ دەخاتە ڕوو.

ڕۆژئاواییەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوروپای مەسیحی و ئاستی دەمارگیری دژایەتی بۆ ئیسلام، هربرت سبنسەر لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ موحەممەد عەبدەدا دەڵێت: بەڕاستی حەق لە عەقڵی خەڵکی ئەوروپادا سڕاوەتەوەو بیری ماددی لەخشتەی بردووەو دایشاردووە. ئیتر گەورەیی نەماوە، ئەو بیرە ماددییانە لەلاتینەدا دەرکەوتن دواتر ئەخلاقیان خراپ کردو گەورەییان لاواز کرد، دواتر بەرەو ئینگلیز چوو.

(جەمالەدینی ئەفغانی) ڕاستی وت کە وتی: ڕۆشنبیری ئەوروپی هەرگیز بەدوور نەبووە لە دەمارگیری و مەسیحیەتی خۆی.

یەکێ لە توێژەرە بیانییەکان هەڵوێستی گەلان بەرامبەر بە ئیسلام نیشان دەدات و دەڵێت: کاتێ ئیسلام بانگەوازی بۆ خۆی دەکرد لە بەشێکی گەورەی دنیادا بڵاوبوویەوەو لە سەرکەوتنندا پێش مەسیحیەت کەوت. سەرکەوتنەکەی ئیسلام لەوەدا نەبووە کە موسڵمان بووەکان ژمارەیان لە بتپەرستان زیاتر بوو، ئەو تاقیکردنەوانەی ئەنجامدران بۆ گۆڕینی موسڵمانان لەسەر ئایینییان هەموویان تێکشکان. ئایینی ئیسلام لە مەغریبەوە تا جاوەو لە زنجبارەوە تا چین چوو. دواتر بە هەنگاوی گەورە لە ئەفریقیاشدا بڵاوبوویەوە، ئیسلام دەستیگرت بەسەر بەشێکی گەورەی (کۆنگۆ و وازامبیس)دا، لە کاتێکدا ئۆگەندا بەهێزترین دەوڵەتی زنجەکان بوو لە سەردەمێکی نوێدا و خێرا بوو بە موحەممەدی شارستانیەتی ئەوروپا کە دەکەوێتە دارماندنی بتپەرستی هیندی ئەوە ڕێخۆشکەرییە بۆ چوونە ناو ئیسلام، گرنگ ئەوە نیە بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی ڕوون بکەینەوە بەڵکو لەوە گرنگتر ئەوەیە ئیسلام چووە هەر شوێنێ ئیتر دەرچوونی نیە، ئیسلام لە هەمووان زیاتر کاری کردووە بۆ بە شارستانی کردن، فەرمانی کردووە بە یەکخواپەرستی و بەگەورە زانینی خواو ڕەهبانیەت و کەنارگیری گۆڕیوە بۆ پیاوەتی و دەرگای هیوای بۆ کۆیلەکان کردووەتەوەو دەرگای برایەتی بۆ ڕەگەزو مرۆییەکان کردوەتەوە، دانی ناوە بەڕاستیە جەوهەریەکانی سروشتی مرۆییدا، ئەو گەورەییانەی ئیسلام دەیانبەخشێ دەکرێ گەلانی تەنگ پێهەڵچنراویش لێی تێبگەن: دادپەروەری لە چێژوەرگرتن و پاك و خاوێنی و خۆڕاگری و دادپەروەری و دلێری و چاکەکاری و

میوانداری و ڕازی بوون بە قەدەر ئیتر بەوە بنەڕەتەکانی گەورەییان پێ دەبەخشێ و لە خراپـە لەناوبەرەکانیش دووریان دەخاتەوە. ئیسلام برایەتی کرداری و یەکسانی تەواوی کۆمەڵایـەتی نێوان هەموو موسڵمانان فێری موسڵمان دەکات.

داگیرکەری ئەوروپی بەربەستی لەبەردەمدا دانا تا ڕێبگرێ بە بڵاوبوونەوەی و زمانەکەشی قەدەغە کرد (زمانی عەرەبی) تا لەبریدا زمانە بیانییەکان هـەبن و شـێوەزارە ناوچـەییەکان زیندوویکرێنەوە، ڕێی دا بە نێردراو و دامەزراوە موژدەبەرییەکان تا کاربکەن بـۆ وەسـتاندنی گەشەسەندنی ئیسلام و چەقبەستوو کردنـی لەناوچـەی خۆیـدا، ئـەویش بـە هێنـانی یاسـای دانراوو ڕێبازی فێرکاری ڕۆژئاوایی و دانانی ڕێبازو سیستمی سیاسی دژ بە ئیسلام و هێنـانی چەمکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری ناوچەیی کە پێچەوانەی برایەتی مرۆییە، لەگـەڵ ئـەم لادانە لە پەیڕەوداو ڕێ گرتن بە بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ئیسلام وەك ئایینی کردارو پەیڕەو. لـە ئەنجامی هەڵـەی لاوازی و دواکـەوتوویی و تەنگـژەی ململانـێ و شکـست و نەگبەتیـەکانی موسڵماناندا هێرش دەبرایە سەر ئیسلام. ڕۆژئاوایی و مەسیحی و جوولەکەکان هـەوڵیان دەدا موسڵمانان بەوە ڕازی بکەن ئیسلام بە سەرچاوەی دواکەوتوویی و لاوازییان بزانن و ئەگەر لـە کۆت و بەندی ئیسلام ڕزگار بن دەتوانن بگەنەوە بە گەلانی ڕاپەڕیو، لەوەشدا درۆو ساختەیان نیشاندا، موسڵمانان بەهۆی ئیسلامەوە فێری ڕاپەڕین بوون و بەپێی ڕێبازی ئیسلام جیهانیان گرتە دەست و کاتێکیش دواکەوتن کە دەستیان لە ئیسلام بەرداو لە پەیڕەوی دواکەوتن.

بەڕاسـتی مێـژوو سەرچـاوەی ڕێبـازی ئیـسلام نیـە، هەڵـەی پـەیڕەو لـە کۆمەڵگـە ئیسلامییەکاندا وێنای حەقیقەتی ئیسلام نیەو ئیسلامیش لێی بەرپرس نیـە، مـاوەی لاوازی موسڵمانان بنەڕەتێ نیە بۆ بڕیاردان لەسەر ئیسلام و بنەماکانی.

بەڵام جەختکردنەوەی مەسیحیەتی ڕۆژئاوا دژ بە ئیسلام زۆر توندو ڕەق بوو، لـە چـەندین هەڵوێستدا خۆی نواند کە گەشتیارە ئینگلیزەکان برێکیان خستوەتە ڕوو، ئیتر ئایا گەشـتیارە ڕەسمیەکان بن یان کەسانی تریان، لێرەوە ڕاستی ئەنجامەکانی ئیسلام دەزانین، هـەر هـۆزێکی سوودان موسڵمان بـووبن خێـرا بتپەرسـتی و شـەیتان پەرسـتی و مرۆڤپەرسـتی و خـواردنی

گۆشتی مرۆڤ و پێشکەشکردنی قوربانی مرۆیی و منداڵ کوشتن و جادوویان واز لێدەهێناو جلیان دەکردەبەرو پاك و خاوێن دەبوون و هەستیان دەگرت بە گەورەیی و ڕێزگرتنی دەروون. گوندە میوانداریەکان ئەرکی ئایینیان دەبوو و بە کەمی مەی خواردنەوە دەماو قومارو سەمای دژە پاکداوێنی و پشێوی تێکەڵی نێرو مێ نەدەما، ئابڕو پاکی دەبووە گەورەترین ئەرك، بێکاری و تەمبەڵی نەدەماو کارو هەوڵدان شوێنی دەگرتەوە، نیزام و یەکڕیزی جێی دووبەرەکی دەگرتەوە، توندی دژ بە کۆیلەو ئاژەڵ قەدەغە دەکرا، هەستکردن بە مرۆڤێتی و سۆزو برایەتی فێردەبوون، کۆیلەو فرەژنی دەچوونە ژێر یاسایەکی سنوردانەرەوە. لەسەرو هەموو ئەوانەوە ئیسلام کاملترین و بەهێزترین ئایینی کۆمەڵایەتیە بۆ ڕازیکردن و دادپەروەری لە چێژوەرگرتندا، هەرکات شارستانیەتی ڕۆژئاوا فراوانتر دەبێ بەکەمگرتنی خەڵکی زیاتر دەکات، بەڵام شارستانیەتی ئیسلام دوورە لە بەکەمگرتنی خەڵك و هاندانی بۆ فێرکردنی نووسین و خوێندنەوەو جلی شیاو پۆشین و پاك و خاوێنی جەستەیی و ڕاستگۆیی و نەفس بەرزی هەیە. شارستانیەتی ئیسلام و ڕێککردنەوەی دەروونەکان شتێکی سەرسوڕهێنەرە، پێویستە دان بە ڕاستیدا بنێین ئەویش ئەوەیە ئیسلام دوژمنی مەسیحیەت نیە بەڵکو تەواو وێنەی ئایینی ئیبراهیم و موساو مەسیحیەت و جولەکایەتیە. بەڵام جوولەکایەتی ئایینێکی تایبەت بوو، بەڵام ئیسلام ئاینێکی گشتیەو بۆ هەموو گەلان و وەك جوولەکایەتی لە گەلێکدا بەرتەسك نیە بەڵکو گشتی و گشتگیرە بۆ هەموو خەڵکی سەرزەوی، موسڵمان بڕوای وایان هەیە بە چوار مامۆستای گەورە: ئیبراهیم و موساو عیسا و موحەممەد.

لە ڕێنماییەکانی موحەممەددا دەڵێ شتێ نیە دژی مەسیحیەت بێ، بەڵکو ڕێنماییەکانی موحەممەد میانڕەوی نێوان جوولەکایەتی و مەسیحیەتن. ئیسلام هات و خورافە خراپەکانی لەناو بردو شۆڕش و هەڵگەڕانەوەیەکی دژ بە مەسەلە پووچە لاهوتیەکان بەرپار کردو ئیسلام تاجی لەخواترسیەو بیروباوەڕی ئایین و چەندین بەشی جیاجیای هێناوە. داگیرکەر لە پێناو دژایەتی ئیسلامدا مەسیحیەتی قۆستەوە. هەروەك مەسیحیەتیش لەپێناو سەپاندنی

قەڵەمڕەوی خۆی و دامەزراندنی پایەکانی دامەزراوە موژدەبەریەکانی لە جەرگەی ئەفریقیاو ئاسیاو بەهێزکردنی شاڵاوی گەورەی دژ بە موسڵمانان بۆ لەرزاندنی بیروباوەڕیان و دەرکردنیان لە ئیسلام و گۆڕینیان بۆ چەند کۆمەڵێکی ملهوڕی بیر شێواو داگیرکەری قۆستەوە. لە کۆشی داگیرکەردا موژدەبەران و ڕۆژهەڵاتناسی شاڵاویان بردەسەر ئیسلام و پێغەمبەرەکەی و کتێبەکەی، ئەو شاڵاوەش لەسەر بنەمای ڕق و کینە دامەزرابوو نەك لەسەر بنەمای ڕەخنە گرتن و وتوێژ بێ. ڕێگەی قەناعەت پێکردنیشیان نەگرتەبەر بەڵکو بەرێ ئەگەریان دەکردنە بنەماو دواتر لەملاولەولا هەوڵیاندەدا بەڵگەو پاڵپشتی بۆ پەیدابکەن.

لەکاتێکدا نووسەرە مەسیحی و ڕۆژهەڵاتناس و موژدەبەرە ڕۆژئاواییەکان دەکەوتنە نانەوەی تۆمەت و درۆو گومان نووسەرە موسڵمانەکان بەرگرییان دەکرد و بەوپەڕی پاکی و ڕێزەوە باسی سەید مەسیحیان دەکرد چونکە بڕوایان هەبوو بە پێغەمبەرایەتی عیسا وەك چۆن بڕوایان هەبوو بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد، وەك چۆن بڕوایان هەبوو هەموو قورئان لای خواوە دابەزیوە بەو جۆرەش بڕوایان هەبوو تەورات و ئینجیل لای خوا دابەزیون، تەنها مشتومڕی موسڵمانان لەسەر ئاستی ڕاستی و دروستی ئەم بارەی کتێبی پیرۆزی جوولەکەو مەسیحیەکان بوو (چونکە دەستکاری کراون).

وێڕای ئەمەش دەستە نێردراوە مەسیحییەکان و موژدەبەرە مەسیحیەکان تەنها بە موژدەبەریەوە نەوەستان بەڵکو ئەو سنورەیان تێپەڕاندو چەندین ڕێی تریان گرتەبەر کە دوور بوون لە موژدەبەری، بەڵکو پێناوی فشاری سیاسی و چاوچنۆکی ئابووری و دارمانی ڕەوشتی و بیروباوەڕییان گرتەبەر، ئەوان لە زۆربەی ناوچە ئەفریقیەکاندا موسڵمانانیان لە فێرکاری بێبەش کرد، ئەمەش بەهاریکاری هێزی داگیرکەر بوو، زۆربەی دەرگاکانی خوێندنگەیان بەڕووی هەر کەسێکدا دادەخست کە نەبوایە بە مەسیحی یان بەلایەنی کەمەوە دەبوو لەبری ناوە ئیسلامیەکەی ناوێکی مەسیحی بۆ خۆی هەڵبژێرێ، کەمینەی مەسیحی خاوەن قەڵەمڕەو ئەو بارەی دروستکرد کە ئەمڕۆ لەلایەنە سیاسی و سەربازی و

ئابوورییەکانەوە زاڵ بووە بەسەر زۆربەی ئەو دەوڵەتە ئەفریقیانەدا کە دانیشتوانەکەی موسڵمانن.[١]

سەرەڕای سەرنەوێنی مەسیحی ڕۆژئاوایی لەوەی جوولەکە فەلەستین ببات، چونکە ئەو بەڵێنەی بە بەڵێنی بلفۆر ناسراوە لە ئینگلتەرادا مەسیحیەت ئیمزای لەسەر کردو جیهانی مەسیحیش بەرپرسە لەو پیلانە چونکە هاریکار بوو بۆ ئەوەی جوولەکە بکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆو هاریکاری دارایی و چەکی جەنگیشی پێ ببەخشێ.

لەو کاتەوەی ئیسلام دەرکەوت تا ئەمڕۆ ئیسلام بەرەنگاری چەند بەرەنگاربوونەوەیەکی مەترسیداری خاوەن هێزی جیهانی جیاجیا بووەتەوە: کڵێسا، صەهیۆنیەت، مارکسیەت، ڕۆژئاوای مەسیحی داگیرکاری. هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی ئیسلام و گۆڕینی بوو تا خەڵکەکە لە ئیسلام دوور بخەنەوەو موژدەبەری بەکاربهێنن تا لە ئیسلام دەریان بکەن و پەرو باڵی ئیسلام بکەن. کڵێسا لە دوو جەنگی جیاجیادا ئەوپەڕی توندو تیژی بەکارهێنا: جەنگە خاچپەرستیەکان و دەرکردنی موسڵمانان لە ئەندەلوس لە ماوەی دوو سەدەی تەواودا پاپەویەت خەڵکی ئەورووپای هاندەدا تا دژ بە موسڵمانان لە قودس جەنگ بکەن، کاتێ مەسیحیەکان بە بینینی ڕەوشت و لێبووردەیی موسڵمانانەوە گەڕانەوە کڵێسا دای لە ملی ئەوانەو نەیهێشت باسی ئەو شتانە بکەن تا ئەو بەڵگەیە لەناونەچێ کە پاپاکان بۆ ڕاگەیاندنی جەنگی دژ بە موسڵمانان بەکاری دەهێنن.

پاپا ئوربانی دووەم تاوەدەری ئەو شاڵاوانە بوو کاتێ لە وتاری مانگانەی خۆی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٥ دا فەرمانی بە مەسیحییەکان کرد دژ بە ڕەگەزی خراپ کە زەویە پیرۆزەکانیان لەدەستدان جەنگ هەڵگیرسێنن.

ئەمە سەرەتای هەڵمەتێکی سەرکەشانە بوو کە دوای ئەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و وەك موحەممەد ئەسەد وەسفی دەکات بانگەواز دەکات بۆ ژەهراوی کردنی عەقڵی ڕۆژئاوایی دژ بە جیهانی ئیسلامی لە ڕێی ڕاڤەکردنی فێرکاری و نموونە باڵا ئیسلامیەکانەوە کە ڕاڤەیەکی

---

١- المورودي من رسالته إلى البابا.

هەڵەیان بۆ دەکات چونکە ئەگەر بڕیار بێ بانگەواز بۆ شاڵاوێکی خاچپەرستی بهێنێتەوە دەبێ پێغەمبەری موسڵمانان بە دوژمنی مەسیح نیشان بدرێ و ئایینەکەشی ناشرینترین دەربڕینی بۆ بەکار بێنێت.

بەو جۆرە مەسیحیەت گەورەترین شاڵاوی دژ بە ئیسلام و موسڵمانانی گرتەبەر کە دواجار لە لووتکەدا داگیرکەری لێکەوتەوە. لە ئەندەلوسدا هەڵمەتێکی توندتر هەبوو و زۆر بە خراپی لەگەڵ موسڵماناندا جووڵانەوەو گەمارۆیان دان و بە سەختی چەوساندنیانەوەو ناچاریان کردن یان واز لە ئایینیان بهێنن یان کۆچ بکەن. لاپەڕەی مێژووی دادگاکانی پشکنین ڕەشترین لاپەڕەی توندو تیژی کڵێسا بوو دژ بە موسڵمانان.

مێژووی ئەبی گریواری حەوتەم و هەڵوێستی لە جەنگی دژ بە ئیسپانیای ئیسلامیدا وێنەیەکی ناشیرینی توندو تیژی دەبەخشێ، ئەو ڕاشکاوانە بانگەوازی ئاراستەی سەرکردە مەسیحیەکان کردو هانیدەدان تا لەو جەنگە پیرۆزەدا بەشداری بکەن و قەڵەمڕەوی سەر خاکی ئیسلامی بۆ ڕادەگەیاندن ئەگەر ئەو ناوچانە داگیر بکەن.

بەڵام ئیسلام کە بەرەنگاری ئەو شاڵاوەی ئەوروپا بوویەوە توانی بچێتە قووڵایی ئەورووپاو چەندین ڕۆشنبیر بەدەست بخات لە بازنەی تەقلیدو پاشکۆیەتی ڕزگاریان بکات، هەیانبوو ڕاشکاوانە موسڵمان بوو، هەیانە نرخی ئیسلامی دەزانی، بەڵکو مەسیحیەت وای لێهاتبوو ئەو ڕۆژئاواییانەش کە بڕوایان بە ئیسلام نەبوو دەیانتوانی کەموکورتی و دووفاقی بوونی پڕ ساختەی مەسیحیەت ئاشکرا بکەن.

مەسیحیەت کە بانگەوازی دەکرد بۆ ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی ئەو مەسیحیەتەی بەدوادا هات کە بانگەوازی دەکرد بۆ کوشتن و سووتاندن و گیان کێشان و ڕازی بوو بەیتولمەقدیس دابڕمێ و حەفتا هەزار موسڵمان بکوژێ و جۆگاوی خوێن هەستێنێ، ئەم وێنەیە زۆربەی بیریارانی بێزار کردو بوو بە سەرچاوەی ڕەخنەگرتنیان، لەپێش هەموویانەوە نیتشەو رینان، نیتشە پێی وایە مەسیحیەت لە ئەوروپا خزمەتی جوولەکەی کردو دەڵێت: جوولەکە تۆڵەیان لە ئەوروپای مەسیحی سەندووە چونکە مەسیحیەت بوو بە زادەی بیری

ئەوان لە ستەمی فەرمانڕەوایانەوە هێنـدە بڵاوبونـەوە تـا لـە هـەموو وڵاتـانی مەسـیحیدا بڵاوبوونەوەو زاڵ بوون بەسەریدا و ساسانی مەسیحیەتیان گرتـە دەسـت، بۆیـە مەسـیحیەت سوودی گەیاند بە جوولەکە بەڵام زیانی گەیاند بە ئەوروپیەکان، ئەم بەهایانـەی مەسـیحیەت داینان هۆکاری وەستانی پێشڕەوی و چەقبەستوویی شارستانیەت بوون.

ئەرنست رینان نکوڵی دەکات لە خوایەتی مەسیح و پێی وایە مەسیح لە مرۆڤێکی گەورە زیاتر نەبووە، لە دیدی نیتشە و رینانەوە هەڵمەتێکی گەورەی فەلسەفەی نوێ دژ بە ئایین بـە گشتی و مەسیحیەت بەتایبەتی دەستی پێکرد.

چەمك و واتـای ئیـسلام کـە چەقبەسـتوویی کڵێـسای لەرزانـد و بانگـەوازی چاکـسازی هەڵگیرساندو لۆسەرو کالڤن بوونە ئاڵاهەڵگری ئەو بانگەوازە چاکسازیە دەرگایـەکی فراوانـی کردەوە لەبەردەم ئازادی عەقڵ و ڕادا تا ئەوەی دەیان ڕۆشنبیر دەبینین بە ڕەخنەو دژایەتیـەوە بەرامبەر ڕاڤەکانی مەسیحیەت دەوەستانەوە، دواتر دەکرێ بڵێین دیاردەیەکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخدا ڕێـی خـۆی بـڕی کـە ئـەویش دیـاردەی ئـازادبوونی عـەقڵ بـوو لـە ڕاڤـەکانی مەسیحیەت و ڕوانینی قووڵتر بۆ ئەو ڕاڤانە و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ ئایینی حەق. کـە دواتر بوونی لە ئیسلامدا دەردەکەوێ.

چەندین توێژەر پێویستی مرۆڤایەتییان لە ئیـسلامدا بـەدیکرد، چـەندین کەسـیش گـرێ کوێرەی ڕاڤە مەسیحیەتەکانیان بەدیکردن کە لای خوا دانەبەزیبوون بـەڵکو دانـراوی پۆلـسی مەسیحیەتی ئەوروپا بوون، ئەم بزاڤە نوێیە ڕەوتێکی بەهێزی پێکهێنا دژ بـە موژدەبـەران و ڕۆژهەڵاتناسان و دەمارگیرانی بیری ڕۆژئاوایی، دیارترین دیاردەی ئەو بزاڤە بریتین لە:

**یەکەم:** دەرکەوت ئەو کەسایەتیەی مەسیحییەکان بۆ مەسیح بانگەوازی بۆ دەکەن لەڕووی مێژووییەوە بوونی نیەو ئەوەی بە پێناوی زانستی لێی بکۆڵێتەوە دەبێ لە کۆتاییدا بەدەسـت بەتاڵی بگەڕێتەوە، نـاکۆکی نێـوان مەسـیحییەکانیش لەسـەر بنەڕەتـەکانی مەسـیحیەت و پێکهاتەی بڕوابوونیان لەسەر مەسیح قووڵە، زۆربەی ئەوانەی هەواداری مەسیحیەتن بڕوایـان نیە بە ڕاستی ئەو دیدەی کە سەبارەت بە مەسیح دانراوە.

**دووەم:** زۆرێك لە مەسیحییەکان دەزانن ئینجیلی بەردەستیان لەناو مەسیحیەتدا درەنـگ نوسراوەتەوەو ناکۆکی ڕوونی نێوان کتێبە ئایینیەکانیان دەبینن کە کاریگەریـەکی کردووەتـە سەر ئابڕوویان بەهۆی بوونی چەند دەقێـك لـەو کتێبانـەدا، لـە کاتێکـدا موسـڵمانان هـیچ گومانێکیان نیە قورئانی بەردەستیان هەمان ئەو کتێبەیە کە لای خـواوە دابـەزیوە بـۆ سـەر پێغەمبەرەکەیان و هیچ ئاڕاستەیەکی تیا نیە. (خالد شلدريك).

**سێیەم:** کتێبەکانی ناو کتێبخانە گشتیەکانی ئەوروپا پڕی لە تانـەو هێـرش و بانگەشـەی ئەوە دەکەن ئیسلام ئایینێکی سەربەخۆ نیە.

زۆرێك دەپرسن: ئەگەر ئیسلام تا ئەو ئاستە گرنگی نیە ئەی بۆچی هەموو هـەوڵێ دەدەن بۆ دژایەتی کردن و تانە لێدان و بەرەنگاربوونەوەی، هەندێکیان (لەوانە خالد شلدريك) دڵنیـا بوون لەوەی ئەگەر ئیسلام ئایینێ نەبێ کە ئەوانە لێی بترسن و حـسابێکی زۆری بـۆ ئەکـەن بەهۆی بوونی هێزو زیندوێتیەوە هێندە هەوڵ ناخەنەگەڕ بۆ دژایەتی کردن و ناوزڕاندنی.

**چوارەم:** ئەو ئەوروپیانەی ئیسلامیان دەناسی سـاختەی بانگەشـەی بڵاوبوونـەوە بـەهێزی ئیسلامیان بەدرۆ دەخستەوەو دەیانوت خـودی مەسـیحیە ئەوروپیـەکان دەزانـن ئـەوە درۆ و نامەعقولەو پێچەوانەی ڕاستی مێژوویی و حەقیقەتی ئیسلامیشە، ئەگەر ئیـسلام بـە وتـەی ئەوان بە شمشێر بڵاوبوایەتەوە ئەو کڵێساو بەتریکانەو بارە نا ئیسلامیە بڵاوانەی ناو جیهـانی ئیسلامی نەدەمانەوە. بەڵکو شمشێر بەکارهێنان دژ بە بیروباوەڕ کاری خۆیانە بە بەڵگەی ئەو کارەیان کە لە ئەندەلوس ئەنجامیاندا. بەهەر حاڵ ئەگەر ئایینێ هەبێ بە شمشێر بڵاوبووبێتەوە ئیسلام نیە بەڵکو ئایینێکی ترە. (خالد شلدريك).

**پێنجەم:** سەرسامبوون بەو پاڵەوانانەی موسڵمانان کە لە بیابانەوە بەپێی پەتی دەرچوون و توانییان ببنە بەهێزترین هێزی مێـژوو و دادپـەروەرترین دادوەرانـی سـەرزەوی و نـاودارترین یاساداران. (لۆرد هدلی).

**شەشەم:** ساکاری و سادەیی ئیسلام کە دەروونەکان ڕادەکێشێ لەبەر نـەبوونی هـیچ هەڵـە یان تۆمـەتێ. ئیسلام ئەو ئایینەیە کە هیچ شوێنەوارێکی ئەگەرو خەیاڵی نیە کە عەقڵ پێـی

قبوڵ نەکرێ. بەڵکو ئەو ئایینەیە کە مرۆڤایەتی بانگهێشت دەکات بۆ متمانەبوونی تەواو بە دادپەروەری و ڕەحمەتی خوا.

**حەوتەم:** هیچ کاتێ موسڵمانان هەوڵیان نەداوە بەهێزو ترساندن و سزادان هزرو بیروباوەڕی ئایینی خۆیان ببنە گەردن و سنگی خەڵکەوەو تەنها لەکاتی ئەوپەڕی پێویستیدا بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤایەتی چەکیان هەڵگرتووە، ئەمە وێڕای ئەو ڕێڕەوە مژدە بەخشە ڕاستیە ئیسلامیەی کە ڕۆڵی تەواوی هەبوو لەوەدا چەندین کەس بەرەو ئیسلام بهێنێ لە کاتێکدا هەوڵ نادات گوێگرانی ناچار بکات یان بەزۆر کاریان تێبکات. بەڵکو بڕوای وایە موسڵمان بوون دەبێ بەویستی ئازادی مرۆڤ و ڕای تایبەتی خۆی بێ.

**هەشتەم:** گرنگیدانی موسڵمانان بە ئایینی خۆیان و دڵسۆزی بۆ نواندنی لە هەموو کاتێکدا بەجۆرێ شتی وا لە مەسیحیەتدا نابینرێ، چونکە کەسی مەسیحی لە ڕۆژی یەك شەممەدا ڕێزی ئایینەکەی دەگرێ و ئەگەر یەکشەممە تێپەڕی هەموو ڕۆژەکانی تر ئایینەکەی لەبیر دەکات. بەڵام بە پێچەوانەوە موسڵمان هەمیشەو لە هەموو ڕۆژو ساتەکاندا ئایینەکەی خۆی خۆش دەوێ و پەیوەستیەتی.

**نۆیەم:** بڕوابوون بەوەی هەزاران ژن و پیاو لە دڵدا پەیوەستی ئیسلامن، بەڵام لە ترسی ڕەخنەو پێچەوانەیی خەڵك و حەزی دوورکەوتنەوە لە بارتەنگ کردنیان یان گۆڕانی حاڵیان ئەو بڕوابوونەی ناو دڵەکانیان ناخەنەڕوو.

**دەیەم:** پاڵنەری گەورەی وازهێنان لە مەسیحیەت نەبوونی لێبووردەیی ئایینی نێوان دەستە مەسیحیەکانە بەهۆی ناکۆکیە مەزهەبیەکانیانەوە.

**یانزەهەم:** ئیسلام هەمیشە ئایین دەگێڕێتەوە بۆ باری سروشتی خۆی و هیچ لەو بیروباوەڕە فەلسەفیانە ناهێنێ بەڵکو بەڕوونی دەڵێت (لا إلـه إلا الله) بەمە ئیسلام دوورە لەو بیروباوەڕەی کە دەوڵەتانی ئەوروپای دابەش کردو خەڵکی میسرو ئاسیای بچووکی بردە باری بێزاری لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بیزەنتی. چۆن ئەو گەلە تووڕەو بێزارانە بەرەو لای موسڵمانان

ناچن کاتێ موسڵمانان ڕایدەگەیەنن ئایینەکەیان لەگەڵ ئایینەکانی تردا دژایەتی نانوێنێ و لێبوردەیی ئایینی هەیە.

**دوانزەهەم:** ئیسلام هیچ نێوەندێکی پیاوی ئایینی لەنێوان خواو گەلدا دانەناوە تا لەچارەسەرو هەموو مەسەلەیەکدا بچن بۆ لای ئەو پیاوە ئایینیانە، ڕازیش نیە بە سیستمی کەنارگرتن لە پەرستگاو هاوسەرگیری نەکردنی لەناوبرد، بەڵکو بڕیاری دا دەبێ سەرقاڵ بیت بۆ دنیاو دوارۆژیش.

**سیانزەهەم:** ئیسلام بەتەنها ئایینە مەی حەرام کردووە. ئەمەش تایبەتمەندیە کە لە کتێبە ئایینیەکانی تردا نابینرێ. بەڵکو لەوانەیە هەندێ ئاین هاندەری مەی خواردنەوە بن وەك قسەکەی پۆلس بۆ خوێندکارەکەی: بڕێکی کەم مەی بخۆرەوە بۆ چاکبوونی گەدەت هەروەك ڕووداوی گۆڕینی قاچاخی پڕ لە ئاو بەمەی لەخۆدەگرێ. بەڵام ئیسلام پەیامی زۆر لەوە جیاوازە. هەر کە ئیسلام پەیامی خوای گەیاند بە موسڵمانان سەبارەت بە حەرامی مەی خێرا مەسەکانیان ڕژاندن و شەقامەکان جۆگەی مەییان لێ دروست بوو.

چەندین بیریاری ئەوروپا کە چارەسەری تەنگژەی شارستانیەت و تەنگژەی مرۆڤی هاوچەرخیان خستووەتە ڕوو تەنها ئیسلامیان بە چارەسەری مرۆڤایەتی نیشانداوە برناردشۆ دەڵێت: من دڵنیام ئایینەکەی موحەممەد ئایینی داهاتووی ئەوروپا دەبێت. وا ئەمڕۆ ئەوروپیەکان ئیسلام وەردەگرن. لە سەدەی دواتردا خەڵکی ئەوروپا زیاتر سودمەند دەبن لە بیروباوەڕی موحەممەد بۆ چارەسەری کێشەکانیان).

(ولس ڕۆس) لە کتێبەکەیدا (سی ساڵ لە ئیسلامدا) دەڵێت: لە ئیسلامدا چارەسەری ئەو دوو مەسەلە کۆمەڵایەتیەم بەدیکرد کە تەواو جیهانیان سەرقاڵ کردووە:

**یەکەم:** فەرمایشتی خوا لە قورئاندا ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ﴾ ئەمە جوانترین بنەمای ئیشتیراکیەتە.

**دووەم:** فەرزکردنی زەکات لەسەر سەرمایەداران و پێدانی بە هەژاران تەنانەت ئەگەر دەوڵەمەندان ئامادە نەبوون بە خۆشی بیبەخشن بەزۆر لێیان دەسەنرێ.

ئارنۆلدتوینبی دەڵێت: ئیسلام دیدی ڕەگەزپەرستی و ململانێی چینایەتی بە دانانی بنەمای برایەتی ئیسلامی و یەکسانی ڕەهای نێوان موسڵمانان لەناوبرد، ڕۆژئاواش دەبێ ئەو بنەما ئیسلامیە وەربگرن تا شارستانیەتی ئێستا لەو لایەن و ڕەوتە لەناوچووەی ڕزگاربێ.

لۆرد هنری دەڵێت: ئەگەر لیژنەیەك لە کەسە بەهێزە ئینگلیزیەکان دابنرێن بۆ دۆزینەوەی ئایینی دروست و شیاو بۆ ئایینداری جیهان بە دڵنیاییەوە یەکدەنگ دەبن لەسەر هەڵبژاردنی ئیسلام.

رینان دەڵێت: عەقڵی ئیسلامی زۆر بەخشەرو بەتوانای داهێنانی شارستانی دەگەڕێتەوە ماوەکانی گەشەسەندن و دارمان بەسەر هەموو گەلاندا تێدەپەڕێ لەوانەش ئەورووپای شەل بوو.

هۆرتنی ئەڵمانی دەڵێت: موسڵمانان یەکەم کەسانێ بوون جیهانیان فێرکرد چۆن ئازادی بیرو هزر لەگەڵ ئاییندارىدا پێکەوە بگونجێنن.

ئەگەر ئیسلام لەلایەکەوە بەرەو ڕووی شالاوی کڵێسا و بیری ڕۆژئاوایی مەسیحی و موژدەبەری بوویێتەوە ئەوا لە لایەکی ترەوە بەرەو ڕووی شالاوێکی نوێ بوویەوە لەلایەن جوولەکایەتی صەهیۆنیەوە. بانگخوازانی دارمانی موژدەبەری لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا چەندین بیرو چەمك و واتای لارێیان بڵاوکردنەوە کە بە دژایەتیەوە بەرامبەر ئیسلام وەك ڕێبازی ژیان وەستانەوە ئەمە وێڕای بانگەواز بۆ جیاکاری ڕەگەزی کەچی هێشتا ئیسلام جێ هیوایە بۆ پێشخستنی مرۆڤایەتی. هەروەك ئیسلام لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانی لە ڕابردوودا جەنگێکی گرتە بەرو دژی دەستکاری ئیسرائیلیات و واتای بتپەرستی و مەجووسی وەستایەوە، جەنگی ئەمڕۆی ئیسلام دژ بە ملهوڕی و مارکسیەتە وێڕای جوولەکایەتی تلموودی کە توێژەر وا بیردەکاتەوە لە هەموو لاوە گورز بۆ ئیسلام دەوەشێنرێ. بارێکی مێژوویی وەك هەڵمەتی خاچی و تەتار دژ بە ئیسلام لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا هەبوو.

ئەو هەڵوێستە دوژمنکاریەی کە ئەورووپای مەسیحی بەرامبەر بە ئیسلام نواندی پاڵنەر بوو بۆ توێژەرە بەویژدانەکان تا قسەی خۆیان بکەن تا ئەوەی کۆنت کایتانی لەو کتێبەیدا

(تأريخ الاسلام) کە سی ساڵ سەرقاڵ بوو بە ئامادەکردنی و لە دەبەرگی گەورە دانووسی و هۆکارەکانی دانانی ئەو کتێبەی باس کردووە (لە ساڵی ١٩٢٧) دا دەڵێت: ئایینی ئیسلام بەهێزترین ئایینی سەرزەویە دوای مەسیحیەت. موسڵمانانیش بەوپەڕی هێزی ئیمانیانەوە کار دەکەن بۆ وەستاندنی ڕەوتی مەسیحیەت. لەمەوە ناتەباییەکی توند لەنێوان ئەو دوو ئایینەدا ڕوویدا، تا ئێستاش کاریگەرییەکانی تا ئەمڕۆی ئێمە ماون و بۆ چەندین سەدەی تریش دەمێنێتەوە تا ئەوروپای مەسیحی نەتوانێ لەنێو موسڵماناندا ڕۆشنبیری خۆی بڵاوبکاتەوە هەرچەندە چی پێناوی کارا بەکار بهێنێ. بەداخەوە کلێسا پێی وایە دەرکەوتنی ئیسلام گورزێکی کوشندەیە بۆ مەسیحیەت بەهۆی ئەوەی زۆربەی شوێنکەوتووانی دەبنە هەڵگری ئەو ئایینە نوێیە لەکاتێکدا بارەکە پێچەوانەی ئەوەیە. ئایینی ئیسلام لەڕێی ناڕاستەوخۆوە خزمەتی گەورەی بە مەسیحیەت کردووە چونکە ئەگەر ئایینی ئیسلام دەرنەکەوتایە و قەدەر وابووایە مەسیحیەتی ئەرسەدۆکسی لەلایەن ڕۆم و ڕووسەوە وەربگیرایەو هیچ بەڵگەیەکیشی نەبووایە بۆ ڕاپەڕینی و بەو جۆرەش بە خاوەن هەژموونی تا ئەمڕۆ بمایەتەوەو نەیهێشتایە شارستانیەتی عەرەب دەرکەوێ، ئیتر سەرەنجامی ڕۆژئاوای ئاسیاو ئەوروپا لە سەدە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا چی دەبوو، ڕێنیسانسی پرۆتستانتی (کە بەرهەمێکی ئیسلام بوو) بێ دارمانی ئەرسەدۆکسی بەرەو دارمان دەچوو.

ئەو خزمەتانەی ئیسلام پێشکەشی کردن بە مەسیحیەت خەریك بوو بەهۆی ململانێی بەردەوامی نێوان شوێنکەوتووانی ئەو دوو ئایینەوە مەشخەڵەکانی دابپۆشرێن و بکوژێنەوە ئیتر دیدی حەقیقەتیان لەبەرچاو نەدەماو نەوەکانیش کینەو ڕقی توندیان بۆ دەمایەوە.

نوسەر ئاماژەی داوە بەو وردەکاریە تەواوەی ناو مێژوو سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام و دەڵێت: بەڵگەنامە دروستەکانی بەردەستمان سەبارەت بە دامەزرێنەری ئایینی ئیسلام کەموێنەن و لە ئایینەکانی تردا نموونەی وا نابینین.

مێژووی عیسا کە لە ئینجیلدا هاتووە کەموکورتە و دڵ تێرکەر نیە، ژیانی موحەممەد بەشی تەواو گرنگیمان لەبەردەستدایە کە مێژوونووسە هاوچەرخەکانی وا لێکردووە بڕوایان

وابێ موحەممەد کەسایەتییەکی دیاری ناو مێژووی مرۆڤایەتی و شەریعەت هێنێکی گەورەیەو گەورەترین ڕاپەڕینی کردووە لە ئەخلاق و سیاسەتدا دوای هاتنی مەسیحیەت.

کاریگەری ئیسلام تەنها لەسەر مەسیحیەت نیە بەڵکو گەیشتووەتە کارکردنە سەر جوولەکایەتی. ئەزمونی لیۆپۆلد فاسیمان لەبەردەستە کە تیشکی ڕوون دەخاتە سەر مەسەلەکەو حەقیقەتی سالآنی پێشوو ئاشکرا دەکات کاتێ دەڵێت: یەکێ بووم لە ملکەچانی ئایینی باووباپیرم، بیرم کردەوە لە هەندێ شتی مەسیحیەت، چەمکی مەسیحیەت سەبارەت بەخوا لەدیدی مندا لە ئاست دیدو چەمکی عەهدی قەدیم زۆر چاکترو باڵاتر بوو، چونکە لەوێدا گرنگیدان و خۆشەویستی خوا تەنها بۆ کۆمەڵێ خەڵك نیە بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی خوایەتی و باوکایەتی دەنوێنێ، بەڵام شتێ لە دیدی ئایینی مەسیحیدا دەبێتە کەمکەرەوەی جیهانیبوونی کە ئەویش جیاکاریەتی لەنێوان ڕۆح و جەستەدا، لەنێوان جیهانی بیروباوەڕو جیهانی کاروباری کردەییدا، ئەمەش جیابوونەوەی مەسیحیەتە لەهەر دیدێکی حەزو ویستی ژیان و هەوڵی دنیایی، بۆیە هەستم کرد ماوەیەکی دوورو درێژ پێشکەوتن و پێشکەشکردنی هێزێکی ئەخلاقی ئەدەبی پاڵنەر بەرەو شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بڕاوە، شوێنکەوتوانی مەسیحیەت بابەتیان لەسەر ئەوە نووسی نابێ دەست وەربداتە ژیانی کردەیی، تەنها بەوە ڕازی بوو بە ڕوانینیان بۆ تەقلید بڕواننە بیروباوەڕی ئایینی، ئەمەش تەنها واتایەکی ناڕوونی هەبوو بۆ گەورەیی کەسێتی بەتایبەت فەزیلەتی ڕەگەزی نێوان ژنان و پیاوان بەتەنها، ئاڕاستەیەکی تەواو کۆن یارمەتی دەریان بوو کە کڵێسا وەك شوێنکەوتنی بنەمای جیاکاری نێوان خواو قەیسەر لە بازنەی چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆی دروست کردبوون، ئیتر گۆڕانێکی وا ڕووینەدا، لە ئەنجامی ئەوەدا سیاسەت و بازرگانی مەسیحی بە ئاڕاستەکردنی تەواو جیا لە بانگەوازی مەسیح گەشەیان سەند.

ئەو ئایینەی ڕۆژئاوا وەریگرتبوو بەهۆی نەبوونی پێگەیشتوویی چەسپاوی کاروباری دنیایی شوێنکەوتووانیەوە شکستی هێنا، بەڕای من ئەو پەیامە پێگەیشتووە پەیامی حەقیقەتی مەسیحە، لە ڕاستیدا ئەرکی سەرەکی هەر ئایینێ ئەوەیە بۆ مرۆڤی ڕوون بکاتەوە

نەك تەنها چۆن هەست و شعوری چاکی هەبێ، بەڵکو چۆن بە ژیانێکی چاك و پاك بژی و هەستێکی غەریزی چۆنی هەبێ چونکە ئایینی مەسیحی هیوای نەهێشتووە، هەر چۆنێ بێ مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە ماوەی سەدەکاندا هەموو بڕوای حەقیقی خۆی بۆ مەسیحیەت لەدەستدا بەمەش قەناعەت بوون بەوەی لەدەستدا کە بوون دەربڕی یەك هێزی ڕێکخراو بێ، بۆیە گشتێکی یەك ئەندامی پێکدەهێنێ، بەهۆی ئەوەوە کە ئەو قەناعەتەی لەدەستداوە لە بۆشاییەکی ڕۆحی و ڕەوشتیدا دەژی.

دەبینم وازهێنانی هەنگاو بە هەنگاوی مەسیحیەت شۆڕشێکی دژ بە گاڵتەگرتنی ژیانی لێ دروست بووە کە پۆلس موژدەی پێدابوو و هەر لە کۆنەوە ئەو بڕوایە هەبوو و دژی ڕێنماییەکانی مەسیح بوو، ئینجا ئیتر چۆن کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی دەتوانێ لەو بانگەشەیدا بەردەوام بێ گوایە کۆمەڵگەیەکی مەسیحیەو چۆن دەتوانێ بێ ئیمانێکی چەسپاو هیوای هەبێ بەسەر پشێوی ئەدەبی و ئەخلاقی ئێستایدا سەرکەوێ.

سەبارەت بە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ ئیسلام (لیۆپۆلدفاس) بەو شێوەیە دەیخاتەڕوو کە خۆی لە ئەوروپای مەسیحیدا بەدیکردووە (تێبینیە تایبەتیەکانم قەناعەتیان پێکردوم سەری ئاسایی ڕۆژئاوا وێنەیەکی تەواو شێوێنەری هەیە سەبارەت بە ئیسلام، ئەوەی لەلاپەڕەکانی قورئاندا دیومە دیدێکی جیهانی ماددی نەگەیشتوو نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە تێگەیشتنێکی چڕو پڕە کە خۆی دەردەبڕێ، لای من ڕوونە دواکەوتوویی موسڵمانان لە کەموکورتی ئیسلامەوە نیە بەڵکو لە کارنەکردنیانە بە ڕێنماییەکانی ئیسلام، لە ڕاستیدا ئیسلام موسڵمانە یەکەمینەکانی بەرەو بەرزیە ڕۆشنبیریەکان بردو هەموو توانای موسڵمانانی بەرەو بیرکردنەوەی تێگەیشتوانە ئاراستە کرد وەك تاکە پێناوی تێگەیشتن لە سروشتی دروستکراوانی خواو دواتر تێگەیشتن لە ویستی.

ئیسلام داوای لێنەکردوین بڕوا بە بیروباوەڕێ بهێنن کە تێگەیشتنی قورس یان مەحاڵ بێ. لە ڕاستیدا بیروباوەڕێکی تری وا نیە بتوانێ لە پەیامی پێغەمبەردا هەبێ، بۆیە تینوێتی بۆ مەعریفەیەك کە بەتایبەت لە مێژووی یەکەمی ئیسلامیدا هەیە وەك باری هەموو

# باسی دووەم

## (تەنگژەی ئایینی ڕۆژئاوا)

بیری مەسیحی ڕۆژئاوایی کە هەوڵیدەدا لەڕێی موژدەبەری و داگیرکاری و ڕۆژهەڵاتناسیەوە گورز بدات لە ئیسلام بە نیازی لەناوبردنی یان لاڕێ کردنی یان گومان نانەوە لەسەری، بەرەو ڕووی تەحەدایەکی مەترسیدار بوویەوە، لە سەردەمی نوێدا لەبری گورزێ دوو گورزی ئاڕاستە بوو، ئەوانیش صەهیۆنیەت و مارکسیەت بوون کە بەردەوام دەکەونە ڕیشەی تا خەریکە هەموو توانا و پایەکانی لەناودەبەن.

یەکێ لە توێژەران دەڵێت[1]: ڕێنماییە مارکسی و ماسۆنیەکان کە لە وڵاتانی ئەوروپیدا زاڵبوون بەسەر خوێندندا و ئایینی مەسیحی و پەروەردەیان لەیەك جیاکردەوە کاریگەری زۆر قووڵیان دروستکرد، ئیتر کڵێسای کاسۆلیکییان وەك کاڵایەکی شوێنەواری و بیروباوەڕێکی ناوازەی ناو مێژوو دادەنا.

فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە مەسیحیەت دوور کەوتەوە، لەمڕۆشدا تا ئەوپەڕی سنوور لە ملهوڕیدا خنکاوەو ئەوەش ژمارەیەکی زۆری فەرەنسیەکانی گرتووەتەوە بە تایبەت کەسە گەورەکانیان کە خۆیان بەپارێزکار دەزانن و ناسراون بە بڕوابوونیان بە بیردۆزە کۆنەکان.

ڕاهیب (میتۆکلار) لە توێژینەوەیەکدا کە دوای دەرکەوتنی کڵێسای کاسۆلیکی دەستی بەسەردا گرت ئاماژە بەوە دەدات سەرەتای دەرکەوتنی ملهوڕی و کوفرو دوورکەوتنەوە لە ڕێنماییەکانی مەسیحیەتو باری پێشوان بوو لە چینی سەرمایەداران کە هەڵسوکەوتی قۆرخکاری سامان و دراویان پیرۆز دەگرت، ئەگەر کەسێ لەناو مەسیحیەتدا هەبوایە سەرکۆنەی کاری سەرمایەدارانی بکردایە وەك (ئەب لکۆلدیر)و (ئەب لامنی)، خێرا کڵێسا بەرەنگاریان دەبوویەوە و خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەوانەی حەرام دەکرد.

---

١- الرسالة: بحث المسيحية وأوروبا، م ١٩٥٢

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن ململانێی نێوان جوولەکایەتی و مەسیحیەت هەر لە دەستپێکردنی دەرکەوتنی کۆتاوە نەوەستاوەو تەنگپێهەڵچنینی جوولەکایەتی بۆ مەسیحیەت دووجار خۆی نواندووە: جارێ لەسەر دەستی پۆلس و جاری دووەم لەسەردەمی نوێدا.

(ئەب ئالف کونجار) دەڵێت: چەوساندنەوەی مەسیحیەکان و لێدان و کوشتنیان لە سەدە یەکەمینەکاندا بۆ پاشملە قسەکردنی جوولەکە دەگەڕایەوە لە جیهانێکدا کە جوولەکایەتی باڵی کردبوویەوەو زۆرو قەڵەمڕەوی هەبوو.

(مارسیل سیمۆن) لە کتێبەکەیدا (إسرائیل الجرثومة) ئەوە ڕوون دەکاتەوە دیدێکی نەیاری سامی لە سیفری کاهینە مەسیحیە کۆنەکاندا هاندەری ڕێنمانی دوژمنکاری بۆ مەسیحیەت بوو لە تلموددا.

(دیارە جوولەکە بە تەواوەتی پەیامەکەی سەید مەسیحیان بەرپەرچ دایەوە و کەوتنە سەرکۆنەو تانەدان لەپەیامەکەی ئاشتی وایان بەرامبەربەو پێغەمبەرە کرد کە لە هیچ جۆرێ لە مێژووی ئایینەکاندا شتی وا بەرامبەر بە پێغەمبەرێ نەکراوە).

لە کاتێکدا سەرچاوەکان ڕقی جوولەکە بەرامبەر بە مەسیح و دژایەتیکردنی دەخەنەڕوو، توێژەران ئاماژە دەدەن بە تەنگپێهەڵچنینی جوولەکە بە مەسیحیەت و گۆڕینی ڕیشەیی.

ئارنۆڵد توینبی کە مێژوونووسی جیهانی مەسیحیە لە کتێبەکەیدا (مختصر دراسة التأریخ) ئاماژە دەکات بە ئاڕاستەی گۆڕینی مەسیحیەت بۆ بیرۆکەی خوای بەهێزو جەنگاوەر، هەوڵ دەدات لەو گۆڕانە بکۆڵێتەوە و دەڵێت: هۆکار چی بوو جارێکی تر مەسیحیەت بیرۆکەی نەزۆکی بە بنەڕەت جوولەکەیی سەبارەت بە خوای بوێرو جەنگاوەری قبوڵ کرد؟ دەڵێت ئەو هەڵگەڕانەوەیە لەو کاتەوە مەسیحیەتی تووشی زیانێکی گەورەی ڕۆحی کرد، ئەو باجەی مەسیحیەت لە خەباتی تاڵیدا دای: خەباتی ژیان یان مەرگ لەگەڵ پەرستشی قەیسەردا.

هەروەها دەڵێت: یەهوای خوداوەندی جوولەکە سیفەتی تووڕەیی و ڕەقی و توندو تیژی هەیەو لێبووردەیی نیە، واتە مەسیحیەتی نوێ لەنێوان دوو بیرۆکەی پێکەوە نەگونجاودا داماو وەستاوە:

**یەکەم:** بیرۆکەی توندی و ڕەقی و نەبوونی لێبووردەیی.

**دووەم:** بیرۆکەی خۆشەویستی و لێبوردەییەك کە پایە بنەڕەتیەکانی مەسیحیەتی لەسەر دامەزراوە، ئەم دیدەش ڕاستەو مێژووو ڕاستیەکانیش جەختی لێدەکەنەوەو ڕاستیەکەی دەسەلمێنن.

مەسیحیەت بانگەواز دەکات بۆ ئەخلاق و جوولەکایەتیش بانگەواز دەکات بۆ لابردنی هەر کۆتێکی سەر ئازادی مرۆیی، ئەوروپای ئێستا واتای جوولەکەی وەرگرتووەو وازی هێناوە لە واتاو پەیامی مەسیحیەت. مەسیحیەت سووی پێ حەرامەو جوولەکە لەسەر بازرگانی سامان وەستاوە، ئەوروپا ئێستا دیدی جوولەکەی وەرگرتووەو دیدی مەسیحیەتی بەرپەرچ داوەتەوە، مەسیحیەت بانگەواز دەکات بۆ دنیانەویستی و مەسیح دەڵێت مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نیە، جوولەکە بانگەواز دەکات بۆ داگیرکردنی دنیاو بردنی خۆشیەکانی، دەی ڕۆژئاوای ئەمڕۆ ڕەوتی جوولەکەی گرتووەتە بەر وازی هێناوە لە ڕەوت و دیدی مەسیحیەت.

ئەمە واتای بیری تلمودی جولەکەیی بەتەواوەتی زاڵبوو بەسەر بیری ڕۆژئاواییدا و تەنگی پێهەڵچنیوە، ڕۆژئاواش کە بانگەوازی لیبرالی و ئیشتیراکی قبوڵ کردووە گۆڕانە لە مۆرکی مەسیحیەوە لەناوبردنی ئەو خودێتیەی ڕۆژئاواییە کە مەسیحیەت پێکیهێنابوو.

بێگومان ئەوەی جوولەکایەتی بەدیهێنا هەر لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا ئەمڕۆ مەترسیدارترین گۆڕانی هەموو مێژووی مرۆیی لەخۆدەگرێ، ئەوروپا پێشتر پەتی گەردنی جوولەکەی توند کردبوویەوەو لە جیتۆدا[1] بەرتەسکی کردبوونەوە، چەند بەرگ و بارێکی دیاریکراوی بەسەریاندا سەپاند بوو و دەیان یاسای دژ بەو جوولەکانە دەرکردبوو کە ڕێی نەدەدا لە کۆمەڵگەی مەسیحیدا تێکەڵ بن، ئیتر جوولەکە بوو بوون بە هێمای ئەو دەستە

---

١- جیتۆ گردبوونەوەی هاوڕاو هاو ڕەگەزیە لە ناوچەیەکدا دوور لە تێکەڵی دەوروبەر. وەرگێڕ.

بێزراوەی کە لەسەر قەرزدان بە سوو وەستابوون، بەڵام جوولەکە توانییان کۆتەکانی کڵێساو مەسیحیەت تێکبشکێنن و دەیان کۆمەڵەی نهێنییان لەژێر ناوی ماسۆنیەتدا دامەزراندو ئامانجیان بوو بە دارماندنی پاپایەتی و قەڵەمڕەوی کڵێسا.

توانیشیان ئەوە بەدی بهێنن کاتێ لە شۆڕشی فەرەنسی و چەند شۆڕشێکی تری بەشەکانی ئەوروپادا بەناوی ڕۆشنگەریەوە جۆگەی خوێنییان هەستاندو دواتریش توانییان یەکبوونی کڵێسای مەسیحی دارمێنن و نەتەوایەتی سەرپێ بخەنەوەو بنەمای ئازادی نیشتمان دوور لە دیدی ئایین دابمەزرێنن، بەمەش یەکبوونی ئەوروپای مەسیحی پەرت بوو و ململانێی نەتەوەکان هەڵگیرساو مەزهەبی دەمارگیری زۆر دەرکەوتن و ئەوروپاش دابەش بوو بۆ بانگەواز بۆ خوێنی سپی و ڕەگەزی تۆتۆنی و ئەڵمانی لەسەروو هەموانەوە، بەمە جوولەکە نەتەوەکانی بەگژ یەکدا دا تا نەهێڵێ ببنە کۆمەڵگەی گەورەو ئیمپراتۆریەتە گەورەکانیان دارماندن و دەستیان گرت بەسەر هەموو شتێکدا و قەرزی سوویان کرد بە سیستمی بانگی ئازادو ڕێپێدراو کە پێشتر جێی نارەزایی و ڕقی مەسیحیەکان بوو، لەپشت پشك و سەنەدەوە خۆیان شاردەوە، بەمەش دەستیان گرت بەسەر سەرمایەو ئابووریداو هەموو جیهانیشیان خستە چوارچێوەی نیزامی سوو خۆریەوە، دەستیان گرت بەسەر ڕۆشنبیری و ئەدەبی و پزیشکی و ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندندا، دامەزراندنی ئینسکلۆپیدیاو چاپی کتێب و دانراوەکانیان خستنە دەستی خۆیانەوەو بەدڵی خۆیان هەڵسوکەوتیان پێوە دەکردن و ڕێیان دەگرت لە هەر شتێکی ناو ئەوانە کە لەگەڵ ئامانج و نیازیاندا نەگونجایە.

دواتر جوولەکە بیری ئەوروپایان وەرگرت و دەستیان گرت بەسەریداو بیردۆزەکانی فرۆیدو مارکس و لیڤی برێل و دۆرکایم و سارتەرو کەسانی تریان بەرووودا خستەڕوو کە بنەڕەتەکانی ئەو فەلسەفە میسالیانەیان گۆڕین کە مەسیحیەکان دایاننابوون تا ببنە بەدیل بۆ ئایین دوای وازهێنان لە ئایین. بەو جۆرە ڕۆژئاوا چەند هەنگاوێکی بەرفراوانی نا کە سەرەتاکەی دژایەتیکردنی مەسیحیەت و ڕزگاربوون بوو لێی و چوون بەرەو نیزامێ بوو کە مرۆکی ئەخلاق و بەهاکان لەسەر بنەمای عەقڵ و لەژێر ناونیشانی فەلسەفەی میسالیدا

دامەزرابوون، بەڵام جوولەکە توانی زاڵ بێ بەسەر بیری ڕۆژئاواییدا و چەمك و واتـای تلمـودو بەرنامەی صەهیۆنیەتیان پێ ببەخشێ و بە شـێوەیەکی زانـستی و لـەژێر نـاوی فەلـسەفەی ماددیگەراییدا دایڕێژێ.

مەترسیدارترین بەرهـەمی جوولەکایـەتی تلمـوودی بـیردۆزەی مارکـسی بـوو کـە بـەوە مەسیحیەتی ئەوروپا کەوتە بەر چنگی جوولەکایەتی تلمودی تـا ئـەوەی تـەواوی دەسـەڵات کەوتە دەستیان تا ئاستێ پاپا و کڵێسای کاسۆلیکییان ناچار کرد بڕیاری پاکی جوولەکە بدەن لە هەوڵی لەخاچدانی مەسیح، ئەمەش مەترسیدارترین ئاستی دەسەڵاتی جوولەکە بوو بەسەر مەسیحیەت و هـەموو بـیری ڕۆژئـاوادا. توێژینـەوەکان سـەبارەت بـە ململانێـی جولەکـەو مەسیحیەت لە ڕۆژئاوادا هەوڵی جوولەکایەتی تلمودی بۆ دەستگرتن بەسـەر مەسـیحیەت و بیری ڕۆژئاواییدا زۆرن،بیری سوو خۆری گەورەترین مەسەلەی ئەو تەحەدایـەی جوولەکـە بـوو بەرامبەر مەسیحیەت و بیری ڕۆژئاوا.

دکتۆر (سەعید عەبدولفەتاح عاشور) دەڵێت: جوولەکە لە جیهانی مەسیحیدا بە درێـژایی سەدەکانی ناوەڕاست چالاکی دارایی قۆرخکردو تـا ئاسـتێکی زۆری نیمـچە تـەواو دەسـتیان گرت بەسەر بازرگانی ناوچەیی و جیهانیدا. قەڵەمڕەوی جوولەکە بەسەر بازرگـانی ئەوروپیـدا گەیشتە ئەوەی وشەی (Judaas) لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا بوو بە هاو واتای وشـەی بازرگـان (merctor). دیارە کڵێسا لە سەدەکانی ناوەڕاسـتدا سـوو خـۆری حـەرام کردبـوو چـونکە ئینجیل و مەسیح دوورە پەرێزییان لێ کردبوو، بۆیە هیچ مەسیحیەك لەو سەدانەدا نەیدەوێرا بە ئاشکرا قەرزی سوو بدات یان وەرگـرێ، جوولەکـە ئـەو دیاردەیـان قۆسـتەوە کـە لەگـەڵ ڕەوشتو خۆشەویستیاندا بۆ سامان دەگونجاو لـە ڕۆژئـاوای ئـەوروپادا تـا ئەوپـەڕی سـنوری چالاکی دارایی قۆرخ بکەن و قەرزیان دەدا بە سوارچاك و سـەرکردەکان و بـەڵکو بـە خـودی کڵێساش تا بتوانن دامەزراوە گەورەوفرە خەرجیەکانیان تەواو بکەن.

بەو جۆرە ئەوروپیەکان بوونە داوی قەرزو سووی خراپ و پاشاو سوارچاك و قەشەو خەڵکـە گشتیەکەش لایانکردەوەو سەیریان کـرد لەبـەردەم نەگبەتـە جوولەکەکانـدا کـەوتوون و ئـەو

جوولەکانەش بەردەوام دەوڵەمەند دەبن و ئەوانیش هەژار دەکەون و جوولەکەش خوێنیان دەمژن و سامانیان دادەماڵن، ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەو باری ناحەزیەی لەلایە مەسیحیەکانەوەلە ڕۆژئاوای ئەورووپا بەرامبەر جوولەکە ئەنجام دران و هەندێ جار دەگەیشتە چەوساندنەوە.

دەکرێ لەمەوە بڵێین لە ئەنجامی ئەمەدا واتاو چەمکەکانی مەسیحیەت گۆڕان بۆ پەیڕەوی ڕێبازو بەرنامەی جوولەکە لە ڕەواکانی سووخۆریدا.کارەساتی جوولەکە لەسەر دەستی مەسیحیەت لەو کاتەدا تەنگژەیەکی گەورە بوو، فەرمانڕەوا مەسیحیەکان دوای ئاوابوونی دەوڵەتی موسڵمانان لە ئەندەلوس بەدەستە جوولەکەیان دەسووتاند، بەڵکو فردیناندو ئیزابیلا لە ساڵی ١٤٩٢ز. دا بڕیارێکیان دەرکرد بە دەرکردنی هەرچی جوولەکە هەیە لە ئیسپانیا لە ماوەی چوار مانگدا بێ ئەوەی ڕێیان پێ بدرێ سامانیان بگوازنەوەو ببەن.

زۆربەی ئەوانە بەرەو مەغریب و باکوری ئەفریقیا کشان، گەورەترین لێبوردەیی موسڵمانان لەگەڵ جوولەکەدا ئەوە بوو ڕێیان پێدان پەیکەرو پەرستگاکانیان لە هەموو ناوچەیەکی جیهانی ئیسلامیدا بپارێزن لەکاتێکدا کڵێسا لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا فەرمانی دەرکرد پەیکەرەکانی جوولەکە بشکێنرێن.

لە ڕۆژهەڵاتدا صەلاحەدین ڕێزی جوولەکەی گرت، بەڵام پیلانێکی ئاشکرا کرد کە دانرا بوو بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی لە میسر لەڕێی پەیوەندی کردن بە خاچپەرستان و گرتنە دەستی نووسینی نامە بۆ خاچپەرستان کە جوولەکەیەکی میسر بوو.

ئەگەر جوولەکایەتی هەوڵیدا مەسیحیەت لە گرنگترین ئامانجەکانی لاری بکات کە ئامانجی ڕەحمەتی هەبوو بێگومان کڵێسا جارێکی تر بەدەم جوولەکایەتیەوە چوو و ناچار بوو بەوە تا ئەوەی برتراندراسل دەڵێت مەسیحیەت هەر لە سەرهەڵدانیەوە کەسی لەخۆنەگرتووە جگە لە خودی مەسیح. دکتۆر ئەمیر دەڵێت بەڕاستی متمانە لای زۆرێك نەماوە سەبارەت بەوەی لە ئەورووپاو ئەمریکا بە ڕەوشتی مەسیحی ناسراوە، بەڕاستی لە زۆربەی وڵاتان ئەو ڕەوشتە دارماوە. لێرەوە تەنگژەی ئایینی لە ڕۆژئاوا دەرکەوت و هەوڵی زۆریش درا بۆ

ڕاستکردنەوەی بارەکە. زانستی نوێ بانگەوازکردنی بۆ ئازادی ڕوانین و ئازادکردنی عەقڵ لە کۆت و بەندەکانی بوو بە مەترسیەکی گەورە بۆ بڕیار دراوە کۆنەکانی وەك تەجسیدو سیانە خوایی.

لەو بارەیەوە یەکێ لە توێژەران دەڵێت: زۆربەی ئەو بیروباوەڕانەی کە ئەمڕۆ نەماون ڕاستی ئیمانی بێ ڕەخنەن چونکە لەسەروو عەقڵەوەن ئەوانە لە ڕابردوودا لای عەقڵ قبووڵ بوون، بیری تەجسید و سیانە خوایی و بیری تری وا کە نزیك بوون لە تێڕامانە ئەفلاتونیەکانو تێکەڵ بە ڕاو بۆچوونە میتافیزیقیەکانی سەدەی سێیەم و سەدەکانی ناوەڕاست. ئەوەی پاڵی دەنا بە کەسانی پێشووەوە تا بڕوایان بەوانە هەبێ هەمان ئەوە پاڵنەری ئەمڕۆی ئێمەیە بۆ بڕوا پێ نەبوونی ئەمەش لە چەندین هەڵوێستدا دەردەکەوێ کە لە سەردەمی نوێدا دەیبینین، لەوانەش وەستانی زۆربەی هەڵکەوتەکانی ئایینی مەسیحی لە کۆڕە گشتیەکاندا دژ بە هەندێ بڕیار لەسەر دراوی مەسیحی. گۆڤاری (لایف)ی ئەمریکی لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٧دا بڵاوی کردەوە ڕاگری کۆلیژی لاهوتی لە نیۆیۆرك جۆرێ شۆڕشی ئەنجام داوە.

لە ئەنجامی ئەوەدا پیاوانی کڵێسا بڕیاریان دا جوولەکایەتی دارِمێنەری مەسیحیەت و ئیسلامیش دارِمێنەری جوولەکایەتی و مەسیحیەتیشە، ئەمەش بە تۆمەتی فێڵکردن لە ئینجیلەکاندا، پیاو بڕوا ناکات بەو موعجیزانەی لە ئینجیلەکاندا باس کراون. ئەو پیاوە لەبەردەم هەمووانیدا وتی: یەکەم ئێوە قسە لەسەر ئینجیل دەکەن کەچی ئنیجیلێ بوونی نیە بەڵکو چەند ئینجیلێ هەن، هەر ڕووداوێ دەدرێتەوە پاڵ سەید مەسیح دەبینین لە هەر ئینجیلێکدا بەجۆرێ باسکراوە، دیارە ڕاستی پێویستیەکی تری بەدەر لە ئینجیلەکانە، یەکەم ئینجیل دوو سەد ساڵ دوای مردنی مەسیح نووسراوە، لەو کاتەشدا هیچ کەس لەوانەی مەسیحیان دیبێ زیندوو نەبوون. دواتر بە چ مافێ کڵێسا ئیمانێکی دیاریکراو بە سەر خەڵکدا دەسەپێنێ یان بیروباوەڕێکی دیاری کراو بەسەر خەڵکدا فەرز دەکات.

جوولەکایەتی تلمودی هەوڵیدا جارێکی تر ئیغریقی (کە جوولەکایەتیە) بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بخاتەڕوو هاودەم بە هەموو چەمك و واتا جیاجیا سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە.

سەبارەت بە چەمك و واتا سیاسییەکەی (هەموو جگە لە ئیغریقە بەربەرەکان) لەو پەیڕەوە سیاسیەدا ڕوون دەردەکەوێ کە ئەوروپای مەسیحی لە داگیرگەکاندا پەیڕەوی دەکات‌و ڕەنگە جیاوازەکان وەك پایە نزم تر لە ڕەگەزی سپی سەیر دەکات و دواتریش لەڕێی موژدەبەری مەسیحیەوە بانگەواز دەکات بۆ شارستانیەت.

ئەو بیرۆدزە ئیغریقیە ڕۆمانیە بتپەرستیە ئەمڕۆ لەلایەن ڕۆژئاوای مەسیحیەوە وەرگیراوە هۆکارێکی گرنگ بووە لە پالپشتی دلڕەقی داگیرکەر دژ بە گەلانی نامەسیحی. سەبارەت بە چەمك و واتا کۆمەلایەتیەکەی بڕوا بوون بوو بە ماددیگەری و بنەڕەتەکانی تا لەبری ئیمانی ئایینی دابنرێ و بنیادی پەیکەری ژیاری سووخۆری و بێ ڕەوشتی ڕاوەستاو لەسەر چێژەکانی جەستەو بەرزڕاگیری جیهانی هەستپێکراو و خوێن ڕشتن و کوشتن و جەستە شێواندن و سزادان ئەنجام بدرێ. ئیتر ژیاری ڕۆژئاوایی لەو بوارەدا تا ئەوپەڕی سنوور چوون.

بێگومان دوو جەنگی جیهانی گەورەترین پیلانی جوولەکە بوون دژ بە ڕۆژئاوای مەسیحی، لەگەڵ ئەوەشدا کەس بەپێی پێویستە لەوە ڕانەچلەکیوە تا ئاستێ پاشای بەریتانیا جۆرج لە ڕۆژی ٢٥ دیسەمبەری ١٩٣٩دا دەڵێت: من لە ناخی دڵمەوە دڵنیام و بڕوام وایە مەسەلەیەك کە بەگەڵمەوە دەبەستێتەوەو ئەوەش هەموومان بە هاوپەیانە شکۆدارە دڵسۆزەکانمانەوە دەبەستێتەوە مەسەلەی مەدەنیەتی مەسیحیەتەو بنەماو بنکەیەکەی تر نیە بکرێ شارستانیەتێکی دروستی لەسەر بنیادبنرێ.

لەکاتێکدا جۆرج لە سەرەتاکانی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەوەی وت نووسینە جوولەکەییەکان دەیانوت: کار بکرێ بۆ بنیادی شارستانیەتێکی مەسیحی جوولەکەیی، هێندەی نەخایاند دەیانوت: چاوەڕێی ئەو هیوایە بکەن کە بەختەوەری بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەدی دەهێنێ: شارستانیەتی جوولەکەیی صەهیۆنی تلموودی.

(ئەندریە سجفریە) لە کتێبەکەیدا (تەنگژەی ئەوروپا La crise de L`Europe) ئاماژە دەکات بە دارمانی ئەوروپا دوای ئەوەی ماوەی سێ سەدە جیهانی گرتەوە چونکە تیایدا

ئەخلاقی مەسیحی ملکەچی دەسەلاتی داگیرکردن بوو و ئەوەشی بەکاری ڕەواو شەرعی دادەنا.

(سەلامە موسا) ئاماژە بەوە دەدات تەنگژەی ئەوروپی تەنگژەیەکی ئایینیەو دەڵێت بیروباوەڕە کۆنەکان بە شالاوی یەکدوای یەکی زانست لەڕوویدا لەرزین و هیچی لە شوێنی خۆیدا نەما چونکە زانست ناکرێ بیروباوەڕ بێ، لەمرۆدا ملهوڕانێ هەن کە بانگەواز دەکەن بۆ ئایین بەڵام ناوی جیا جیای لێ دەنێن وەك ڕۆحانیەت یان مرۆڤایەتی یان پیرۆزی ژیان لەوانە برترانداسل کە بێباکانە بیروباوەڕی ئایینی نێوان مەسیحییەکان دادەڕمێنێ، داننانی مەسیحیەکان لە مەترسی نوێی جوولەکایەتیدا ڕوو لەزیاد بوونە.

دکتۆر (ولیەك سولەیمان) لە کتێبەکەیدا (المسیحیة والیهود) دەڵێت: جوولەکە لە ڕۆژئاوا توانییان مەسیحیەت لارێ بکەن، ڕەوتێکی هزری بلاوبوویەوە کە خالی سەرەتاکەی بە (مردنی خواوەند) دەست پێدەکات و بانگەواز دەکات بۆ مەسیحیەێ کە هیچ ئایینی تێدان نیە، هەریەك لەمانە بانگەواز بۆ ئەوانە دەکەن (بتهوفن، بلیسمان، قەشەی ئینگلیزی جۆن ڕەنیسیۆن).

لای ڕۆژئاواییەکان ئایین بەهایەکی لە خۆیدا نیەو شتێکە دەکرێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دنیاییە خوازراوەکانی ڕۆژئاوا لە بەشەکانی جیهاندا سوودی لێ ببینێ، مەسیحیەت لە ڕۆژئاوا خۆی کوشت کاتێ پیاوانی کەهەنوت چوونە ژێر ئالای صەهیۆنیەت و کڵێسا جیاجیاکان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر ڕازیکردنی ئیسرائیل و ماستاو کردن بۆ جوولەکە.هەروەها ئاماژە دەدات بە بڕیاری کۆنگرەی جیهانی کڵێساکان لە ساڵی ١٩٦٤ کە لە جنێف بەستراو دەڵێت: کڵێسا ناتوانێ قورسایی بەرپرسیارێتی گەورەی خۆی سەبارەت بە ئازاری جوولەکەو فەوتانیان بەدرێژایی مێژوویان لەبیر بکات، واتە کڵێسا داوا دەکات لێخۆشبوون بۆ جوولەکە هەبێ، زۆرێك دەگەنە ئەوەی دەڵێن بیردۆزە زانستیەکان کە پایەی جیهانیان لەرزاند توانییان کاربکەنە سەر سیستمە بەجێماوە ئەورووپیەکان و درزێکی گەورەیان تێدا دروست بکەن، جوولەکایەتی جیهانی ڕێبازی زانستی دەقۆزێتەوە بۆ

تێکشکاندنی هەموو بەها مرۆییەکانی مەسیحیەت سەبارەت بە ئەخلاق و دەروون و بیروباوەڕو لایەنی کۆمەڵایەتی. هەموو بیردۆزە نوێکانیش کە بەرامبەر بە چەمکی ئایینی ڕۆژئاوایی دەوەستنەوە دەستکردی جوولەکەن، هەر ئەوان لە چوارچێوەیەکی تەواو بەرفراواندا بڵاوی دەکەنەوەو بانگەوازی بۆ دەکەن و چیرۆکنووس و شانۆگەران هان دەدەن تا لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندندا کاری لەسەر بکەن، دیارترین بەڵگەش گرنگیدان بە فرۆیدی و بوونگەرایی و هەیبەت بوو.

بەداخەوە گەلانی مەسیحی خۆیان دا بەدەست دەسەڵاتی بیری جوولەکەوە کە تەنگی هەڵچنی بە بیری ڕۆژئاواو چەمك و واتای لێبووردەیی مەسیحیەتی دەست بەسەرکردو خۆی دا بەدەست ئایدۆلۆژیاکانەوە، چونکە ئایینی مەسیحی نەیتوانی ئەو بنیادە هزریە تەواوەی پێ ببەخشێ کە بتوانێ ڕاڤەی ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگە بکات و هیواو نموونەی باڵای پێ ببەخشێ بۆ داهاتووی، بەڵام ئیسلام ئەوەی گۆڕی.[1]

لەو بارەوە (فلیکس فارس) دەڵێت: وێڕای ئەوەی ڕۆژئاوا فەلسەفەی مەسیحیەتی خۆی گۆڕی بەڵام نەیتوانی ئیسلام بگەیەنێ بە خۆی، هەروەك ڕێی لێگرت مەسیحیەت بگەیەنێتەوە بە فیترەتی خۆی، ئیتر ململانێکەی لەنێوان فیترەتو ویژداندا مایەوە.

(ئارنۆلد توینبی)[2] وەڵامی هەموو ئەو تەنگژانە دەداتەوەو هەمووی دەگێڕێتەوە بۆ گرنگیدانی مەسیحیەت بە خودی مرۆڤ جیا لە کۆمەڵگە، تەواوترین بەڵگەش لەسەر ڕاستی وتەکەی توینبی ئەوەیە هەزاران مەسیحی ئەمڕۆ لە مەسیحیەتەوە بوون بە مارکسیو ملهوڕ.

مێژوونووسە مەسیحییەکان بەرپرسیارێتی ئابڕووچوونەکانی سانت بارتلمی (کە قەسابخانەیەکی نێوان پرۆتستانیەکان و کاسۆلیکەکان بوو و شارلی نۆیەم لە شەوی ٢٤ ئۆگەستس ١٥٧٢دا فەرمانی پێکرد) لەگەڵ ئابڕووچوونەکانی قەسابخانەی (ئالالیگواھ) (کە

---

١- محمد يحيى الهاشمي في التعليق على كتاب العادة والتعبير.

٢- كتاب العادة والتعبير.

دەستەیەکی ئایینی بوون لە سەدەی یانزەدا لە باشوری فەرەنسا بڵاوبوونەوەو پاپا ئەنیوسانی سێیەم فەرمانی کرد هەموویان لەناوبرێن) لەگەڵ ئابڕووچوونەکانی کوشتاری جەنگی کاسۆلیك لەگەڵ پرۆتستانت کە سەدو شەست هەزار کوژران و (تورکمارای دۆمەنیك)ی ئیسپانیش لە ساڵی ١٩٤٨دا شەش هەزار مرۆڤی سووتاند، مێژوونووسە مەسیحیەکان هەموو ئەم ئابڕووچوونانە باس دەکەن.

پاپا (کۆپلۆری نۆیەم) کە لە ١٢٤١ز.دا مرد بەرپرسیاری بەدیهاتنی دادگاکانی پشکنینە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ترسی خستە دڵی هەمووان، پاپایی لە دادگاکانی پشکنیندا پشتی دەبەست بەو دۆمەنیکانانەی کە خۆیان وەك سەگی خوا دادەنا بۆ ڕاوی هەرتەقەکان تا کڵێسا بپارێزن. هەروەها دادگاکانی پشکنین بۆ ناچار کردنی تۆمەتباران بە دانپێدانان پشتیان دەبەست بە سزادان و یاسا یۆنانیەکانیان گرتبوونە بەر. ئەم دادگایانە سەرچاوەی تێکدانی یەکبوونی مەسیحیەتی ڕۆژئاوا بوون، تەنها دیوانی تەحقیقی ئیسپانیا بە وتەی رنیاخ نزیکەی سەد هەزار کەسی کوشتووە. زۆر توێژەر پرسیاری ئەو هەڵسوکەوتەی مەسیحیەتییان دێتەرێ و دەڵێن گیانی مەسیحیەت بەتەواوەتی ڕقیەتی لە کوشتار.

مێژوونووسان دەڵێن: مێژووی مەسیحیەت لەبەردەمماندا شایەتێکی دادپەروەرە، مێژووی ئیسلامیش لەبەردەمماندا شایەتێکی دادپەروەرە. لەو کاتەوەی مەسیحیەت دەرکەوت تا ئەمڕۆ هەموو بەشەکانی جیهانی بەناوی سەید مەسیحەوە کرد بە خوێناو و داگیری کردن. ڕۆماو گەلانی ئەورووپاو جەنگە خاچپەرستیەکان نموونەن کە بەردەوام مەسیحییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی دژ بە ئیسلام و موسڵماناندا پێوەی دەنازن.

سوپاکان بەناوی خاچەوە لە ئەورووپاوە بە درێژایی سەدان ساڵ ڕووەو جیهانی ئیسلامی دەهاتن و دەکەوتنە جەنگ و کوشتارو خوێن ڕشتن، هەر جارێ پاپاکان کە خۆیان بە جێگری مەسیح دەزانی ئەو سوپایانەیان پیرۆز ڕادەگرتن تا دەست بگرن بەسەر بەیتولمەقدیس و شوێنە پیرۆزە مەسیحیەکاندا ئایا هەموو ئەو پاپایانە هەرتەپە بوون و مەسیحیەتەکەیان شاختەبوو یان بانگەوازکەری نەفام بوون و نەیاندەزانی مەسیحیەت بەتەواوەتی ڕقی لە کوشتارە، یان

دەڵێن: سەدەکانی ناوەڕاست سەدە تاریکەکان بوون، ئەوەش نابێتە بەڵگە بۆ مەسیحیەت، بەڵام بارەکە دواتر توندتر بوویەوەو موسڵمانان لە ئاسیاو ئەفریقیا بەرەو ڕووی چەرمەسەریەکی سەخت بوونەوە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری ڕۆژئاوایی و قەڵەمڕەوی ژیاری مەسیحی ڕۆژئاواییدا.

سەردەمی نوێش هەمان توندو تیژی سەدەکانی ناوەڕاستی بینی بەڵکو سەختتر لەوەش کاتێ لۆردلنبی نوێنەری هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩١٨دا کاتێ لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا قودسی گرت وتی ئەمڕۆ جەنگە خاچپەرستیەکان کۆتاییان پێهات، ئەمەی دەوت کاتێ سەید مەسیح دەڵێت: (مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نیە) لەکاتێکدا موسڵمانان سوور بوون لەسەر چەسپاندنی ئەوپەڕی دادپەروەری و لێبووردەیی لە هەر ناوچەیەکی سەر زەویدا پێی دەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام بریتیە لە چەسپاندن و دامەزراندنی مەملەکەتی خوا لەسەر زەویدا.

مێژوونووس (هرتشو) دەڵێت: خاچیەکان بۆ جەنگی موسڵمانان لە وڵاتی خۆیان دەرچوون کەچی لەبەردەمیاندا دانیشتن و زانست و مەعریفەیان لە موسڵمانان وەرگرت، ئەگەر شتێ زیاد بکەین بۆ قسەکەی هرتشو ئەوەیە موسڵمانان لێبووردەیی و ڕەوشت و پاکێتیان بەخاچپەرستان بەخشی و وێنەی ئیسلامیان لە ئاکارو ژیانیانیشدا پێشەکەش کردن، ئەمە لەپاڵ بەخشینی زانست و ژیاردا.

مەسیحیەکان لە جەنگە خاچپەرستیەکاندا بەرامبەر موسڵمان کوشتاری زۆر ناحەزو وێنەی وایان نیشاندا کە باس ناکرێ، کاتێ هیوای مەسیحیە ئەوروپیەکان لە جیهانی ئیسلامیدا بەرامبەر توندی و بەهێزی صەلاحەدین داڕما صەلاحەدین زۆر بەڕێزەوە لەگەڵیان جووڵایەوە کەچی ئەوان نەگەڕانەوەو خێرا سوپایان نارد بۆ ئاشکراکردنی بەندەرەکانی وڵاتانی ئیسلامی و دوورگەکانی هیندی ڕۆژهەڵاتی تا داگیریان بکەن و جارێکی تر گەمارۆی جیهانی ئیسلامی بدەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هێشتا هاوارەکان لەسەر ئەو پرسیارە مێژووییە بەرز دەبنەوە: ئایا مەسیحیەت لە گەشەسەندندایە؟ ئایا دەتوانێ شارستانیەت ڕزگار بکات؟

مامۆستا (عەبدولکەریم فارسی) دەڵێت: ئەگەر مەسیحیەت ئەندامی زۆر بێ ئەوە مەسیحیەکان مەسیحیەتیان کەمەو مەسیحیەت بەرێژەیەکی کەم زاڵ بەسەر کەمێکیاندا و زۆربەی ناوچەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە کە زیاتر بیروباوەڕی فەلسەفی و ڕێنمایی و ئەخلاقی خەڵکی شارەکان کاسۆلیکی بەکاڵایەکی شوێنەواری و بیروباوەڕێکی لە شروشە نراو سەیر دەکەن کە چووبێتە ناو بڕیاری مێژووەوە و خەڵکی هیچ پێویستییان بەوە نەبێ کات بەفیڕۆ بدەن بۆ مشتومڕ لەسەری، فەرەنسا لە سەدەی هەژدەهەمەوە لە مەسیحیەت دووردەکەوێتەوەو لە ملهوڕیدا خنکاوەو لەم کاتەدا تا ئەوپەڕی سنوری ملهوڕی چووە.

مەترسیدارترین کتێبێ لە ئەوروپادا دەرکەوت کتێبی (الحوادث والایمان) (ڕووداوەکان و ئیمان) بوو کە ڕاهیب منتۆرکلار نووسیبووی و کلێسای کاسۆلیکی دەستی بەسەردا گرت، ئەوە یەکەم کتێب نەبوو کە کلێسا دەستی بەسەردا گرتبێ چونکە ژمارەی ئەو کتێبانەی نەدەبوو کاسۆلیك بیانخوێنێتەوە زیاتر بوون لە پێنج هەزار کتێب، لەوانە نووسینەکانی مستیرلیك و امیل زولا و رینان و جان جاك رۆسۆ و دیماسی باوك و دیماسی کوڕو دیکارت و لامنییە و ڤکتۆرو هیگۆ.

ئۆنامۆ لە کتێبەکەیدا (کورتەی مەسیحیەت) پێی وایە مەسیحیەت هیچ پەیوەندیەکی نیە بە ڕێکخستنە سیاسیەکانی (دیموکراتی یان دیکتاتۆری) یان ڕێکسختنە ئابووریەکانی ئیشتراکی یان سەرمایەداریەوە.

مەسیحیەت نەیتوانی کێشەکانی هەژاری و دەوڵەمەندی و دابەشکردنی سامان چارەسەر بکات. مەسیح هات بۆ هەژارو دەوڵەمەندو کۆیلەو سەرکەشانیش.

(ئۆنامۆنۆ) دژی هەموو سیستمە سیاسی و ئابووریەکانی سەردەم و فەلسەفە دەوەستێ و سەرخەری دوژمنانی شۆڕشی ڕوسیەو پێی وایە بەلشەفی مارکسی لەبری مەسیح داناوەو لەبری پۆلس سنۆفسکی و لەبری نێردراوان برایانی کرامازوفی داناوە، ئەو دژی فەلسەفەی

بەشدارەکیە (ئیشتراکی) چەنکی زانستیە، بەڕای ئەو ئیشتراکیەت بانگەوازێکی ئاکاریە بەناوی دادوەری کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە، بەڵکو دژی هەر هەوڵێکە بۆ نزیککردنەوەی نێوان کاسۆلیکی و ئاراستە زانستیەکانی وەك وەزعیەت چونکە وەزعیەت وەك بەلشەفیەت ئاراستەیەکی ماددیە ڕووەو جیهان، ئاین ململانێیە، بەڵام وەزعیەت هیچ ژیانی تیا نیە.

ئۆنامۆنۆ دژی شایەتی هێنانەوەیە لەپێناو بنەما سیاسیەکاندا چونکە ئەوە بڕوابوونە بە بتەکان و نایەوێ ڕۆحی ئایینی تێکەڵ بە ماددیەتی جیهان بێ، مەسیحیەتیش شتێکی تەواو تاکەکەسیەو ناکرێ ئاین بچێتە ناو سیاسەتی حیزبەوە یان بچێتە ناو مەعریفەی مرۆڤایەتیەوە مەسیحیەت زیاتر لە ئەزموونی سۆفیگەرایی و ئەفسانەی ناو خەڵك (فۆلکلۆری) دەچێ بەڵکو ئاین هەرگیز ناکرێ ببێتە یاسا یان شەریعەت، بەو جۆرە ئۆگەستین بە کۆیلەی پیتەکان دادەنرێ وەك دانەری شەریعەت. واجب و یاسا دوو سۆزی ئایینین کە ناچنە چوارچێوەی تەشریع یان قانونەوە.

ئۆنامۆنۆ پێی وایە ئاین بەرتەسکە لە پەرستشەکاندا و نابێ لە موعامەلاتدا بەشدار بێ و پێی وایە ئاین پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوایە هیچ لەنێوان خودی مرۆڤەکاندا بوونی نیە، ئەوەی هی قەیسەرە بۆ قەیسەرو ئەوەی هی خوایە بۆ خوا. دەگاتە ئەو ئاستەی دیموکراتیەتی مەسیحی بە خورافە دەزانێ و ئیشتراکیەتی مەسیحی بە خەیاڵات دادەنێ، پێی وایە مەسیح بە ئەرێ و نەرێ لەسەر موڵکیەتی تاکەکەسی قسەی نەکردووە و کەسێکی کۆماری یان دیمەکراتی یان شۆڕشگێڕی نەبووە بەڵکو مرۆڤێکی جوولەکە بووە دژ بە ئاراستە نیشمانیەکانی هۆزەکەی و دژ بە کاهینان.

دواجار ئۆنامۆنۆ دژی ئەوە دەوەستێ ئاین بکرێ بە شارستانیەت و دەڵێت ئەو ڕۆژە مەسیحیەت کرا بە شارستانی کە گۆڕا بۆ ڕۆمانیەت یان شارستانیەتێکی ڕۆژئاوایی. بتپەرستی زاڵ بوویەوە بەسەر ئایینی نوێداو دەبێ ئاین بگەڕێتەوە بۆ مەسیح. مەسیحیەت تەنها ئەزموونێکی سۆفیگەرایە کە هیچ پەیوەندیەکی بە زەوی و ئاسمانەوە نیە چونکە نمونەی باڵا ڕاهیبە، ئەمەش دیدێکی ترە سەبارەت بە مەسیحیەت کە بیری ڕۆژئاوایی پێشکەشی

دەکات. کۆلن ولس پرسیار دەکات ئایا مەسیحیەت دەتوانێ شارستانیەت ڕزگار بکات؟ ئەگەر ناتوانێ ئەوە بکات بۆچی؟ کۆلن لە کتێبەکەیدا (دارمانی شارستانیەت) ئەو پرسیارە دەکات. ئەم کەسە لە خوێندنگەی تلموودا بووە وایە جوولەکایەتی ئێستا بڕیاری سەرەنجامی مەسیحیەت دەدات.

ولس دەڵێت: چەند هۆکارێکی زۆر گرنگ هەن لە گەشەسەندنی مەسیحیەتدا کە ئەویش بە مەسیحی بوونی کەسێکی جوولەکە بوو کە زۆر مەسیحیەکانی دەچەوساندەوە کە ئەویش قدیس پۆلس بوو، پۆلس بەتەواوەتی لە مەسیح جیاواز بوو، مەسیح کەسێکی کرداری دوور لە واتای هەڵەو هەر ڕاراییەکی دەمارگیری بوو، بەڵاَم پۆلس بیریارێکی گەورەتر لە مەسیح بوو لە (کیرکنگارد) دەچوو کە شێوێنەری ڕاستیەکان و زیرەك و وریا بوو هۆی سەرقاڵ دەکرد بە چەند مەسەلەیەکی چڕوپڕی وەك مەرگ و توندو تیژی و ئازارەوەو بیرۆکەی تاوان بەسەریدا زاڵ بوو و ڕەخنەی خۆی کە نەدەبووە هاندەری ویستی خۆدروست کردنەوە ئازازی دەدا.

بەڵێ، پۆلس تەواو لە مەسیح جیاواز بوو، هەروەك ئایینی مەسیحی داهێنراوی پۆلس کە ناوی مەسیحیەت هیچ پەیوەندیەکی نیە بە ڕێنماییەکانی مەسیحی دامەزرێنەرەوە پۆلس جەخت دەکاتەوە لەسەر بیرۆکەی کۆتایی جیهان و نموونەی نوێ لە دیدو شێوەی پۆلسیش بریتیە لە (ت.س. ئالیوت) بە هەموو ئەو شتانەوە کە لە چیرۆکەکانیدا هەن (زەوی، هەژاری، بێکاران) ئەمانە لە نامەکانی پۆلسدا هەن. پۆلس وەك ئالیوت ڕابردوو بە پێناوێ دەزانێ بۆ قەرەبوو لە ئێستادا.

پۆلس زۆر گرنگی دەدات بە بیرۆکەی ئازارو مەرگ و هیچی کە بە تاوان و هەڵەی دادەنێ تا ئەوەی هەست بەوە دەکات لەوانە لەهێزترە، پۆلس بەوە توانی لەو بیرەیدا بگەوزێ کە مەسیحیەتی کرد بە ئایینێکی جیهانی، ئەویش بیرۆکەی ئەوەیە مەسیح مرد تا مرۆڤ لە هەڵەو تاوانەکانیان ڕزگار بکات، دوای هەموو ئەمانە دەبینین بیرۆکەی لەخاچدانی مەسیح یارمەتیدەری پۆلس بووە بۆ زاڵ بوون بەسەر خۆیدا چونکە ڕوونە مەرگی مەسیح هاریکاری

پۆڵس بوو بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی وا کە زیاتر جەخت کردنەوەو قوڵبوونەوەی هەستکردن بە واتای ژیان و فراوان بوونی چەمك و واتای ئامانجی تێدا بێ.

ئەگەر مەسیح بە مردنی پۆلسی لەو هیچ و بێ نرخیەی ڕزگارکردبێ بۆچی ئەوە بۆ مرۆڤەکانی تر نابێ؟ لێرەوە بیرۆکەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بە ئازاردانی سەریهەڵدا، واتە مەسیح مرد تا مرۆڤ ڕزگار بکات، لەبەرئەوەی پۆڵس عەهدی قەدیمی خوێندبوویەوە بۆیە توانی ئەو بیرۆکەیە بگۆڕێ بۆ بیروباوەڕێکی بەهێز، بەڵام لە قوڵایی ئەمەدا ئەو ڕوانینەی هەبوو کە وای لێدەکرد هەست بکات هەموو مرۆڤەکان بە تاوانباری لەدایك دەبن، عەهدی قەدیم هۆکاری ئەوەی پێدابوو (سەرکەشی ئادەم) وێڕای ئەوەی ئامانج لە بوونی ئەفسانەکەی ئیصحاحەکە ڕاڤەی بوونی ئازارو ناڕەحەتی ژیان بوو نەك نەبوونی کەماڵی خودی مرۆڤەکان.

پۆلس ڕایگەیاند: ئەوە تاوانی ئادەمە هۆکارە تا مرۆڤ بە تاوانباری لەدایك بێ بەلام ئێستا دەتوانێ باری تاوانەکانیان فڕێ دەنە سەر شانی مەسیح ئیتر بەوە کامڵ دەبن (پۆلس هەستی بەوە کرد هەموو مرۆڤەکان تاوانبارن، پێش ئەوەی خۆی ببێ بە مەسیحی خۆی نموونەیەکی سوك و ڕسوا بوو).

سەبارەت بە ڕێنماییەکانی مەسیح و مردنی بوونە بەخشەری چەمك و واتایەکی ئامانج بە پۆلس و ڕێزگرتنی نەفس، لێرەوە پۆلس وازی لەوە هێنا مرۆڤێکی هەرچی و پەرچی بێ و چوویە قۆناغی پیاوی کردایەوەو کێشەکەی پۆلس وەك کێشەکەی مەسیح بوو سەبارەت بە ڕوانینی بۆ مرۆڤ، بۆچی مرۆڤ وەك خوا نەبێ؟ وەڵامەکەشی بەهۆی سەرکەشی ئادەمەوە. بەڵام ئایا ئەمە واتای ئەوەیە ئادەم وەك خوا بووە؟.

سیفری تەکوین دان بەوەدا نانێ کە ئادەم لە دروست کردنی ژیانێکی نوێدا یارمەتی خوای دابێ و کەوتنە خوارەکەش تاکەکەسی بووە، بەو جۆرە بیروباوەڕی پۆلس لەسەر مەسیح دادەکەوێ هەرکات بەر تاقیکردنەوەمان خست.

سەبارەت بەوەی مرۆڤ لەسەر جیهان دانرا بێ ئەوە بیروباوەڕێکە پێی وایە مرۆڤ لە بنەڕەتدا کامڵ نەبووەو ئامانجە کۆتاییەکەی ئەوەیە وەك خوای لێ بێ بەڵام بەوە ناگات وەك

مەسیح وایکرد مرۆڤ ناتوانێ بە هەوڵی خۆی وەك خوای لێ بێ، بەهەر حاڵ بیروباوەڕی پۆلس بوو بە بنەڕەت بۆ مەسیحیەت و پایەی بنەڕەتی کلێسا، بەڵام ئەم بیروباوەڕە کلێسای تووشی ئەو ڕەخنەیە کرد کە نیتشە ئاڕاستەی کردو وتی: مەسیحیەت ئایینی سەگەکانە.

بانگەوازەکەی مەسیح لە کرۆکدا بانگەواز بوو بۆ نیزام و هێز، بەڵام پۆلس گۆڕی بۆ ئایینێ کە بوو بە پەناگەی ترساوان و تۆقیوان، بەهێزەکانیش کە پەنایان بۆ کلێسا دەبرد وەك قەشە ئۆگەستین و جۆرج فۆکس ئەوەیان بۆ هۆکاری پێچەوانە کرد ئەوەش بنەڕەتی ئەو دەرکەوتنە بوو کە مەسیحیەت ڕێی تێی کەوت و بانگەوازەکەی بەرفراوان و گشتگیر بوو لای بەهێزو لاواز. نیتشە ڕێزی خۆی بۆ دامەزرێنەری مەسیحیەت نیشان دەدات و سووکایەتی بە قدیس پۆلس دەکات بە (باسکالی جوولەکە) ناوی دەبات و لەبارەیەوە دەڵێت ئەو زۆر حەزی لە فێڵ و خورافە بووەو کەسێ بووە هەستی تەواو ئازاری داوە تا ئاستێ پیاو شینی بۆ دەکات و گریانی بۆی دێ.

کۆڵن ولس دەڵێت: وتەکەی سەید مەسیح (گەورەی خۆت بە) لێکهەڵوەشاو مەسیحێکی تر شوێنی گرتەوە کە پۆڵس داهێنەری بوو، مەسیح دەڵێت: بە گەورەی خۆتانم دابنێن، بەمە لە ڕۆژی دەینونەدا شەفاعەتی منتان دەست دەکەوێ (چونکە من لەگەڵ ئەو باوکەم ڕێککەوتووم کە لە ئاسمانە تا ببم بە مەرجێ فەرمانڕەواو دڵسۆزی ئێوە بم).

بەو جۆرە مەسیحی پۆڵس زیاتر لە مەسیحە ئەسڵیەکە لای خەڵك خوازراو بوو، لە ئەنجامدا وە مەسیحیەتە بەرفراوان بڵاوبوویەوە، دوای پۆڵس مەسیحیەت بیرۆکەی (خۆت ڕزگار بکە)ی نەما بەڵکو بوو بە (وازم لێبهێنە تا ڕزگارت بکەم) بەو هۆیەوە دەبینین برناردشۆ لەبری مەسیحیەت ناوی دەنێ خاچی، دوای ماوەیەکی زۆر لە مردنی مەسیح خەڵکی بێ سەبرانە چاوەڕێی ڕۆژی دەینونە بوون لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە نەما ئەوەیان بە ڕەحمەت و خۆڕاگری خوا لێکدایەوەو خۆیان بە خۆشبەخت دانا. ئیتر ڕۆژی دەینوونە لە مەسیحیەتدا بە بنەڕەت نەمایەوەو لەبری ئەوە بیرۆکەکەی پۆڵس چەسپا کە دەڵێت مەسیح ڕزگارکەری مرۆڤە چونکە ئەمرۆ بەرەو داهاتوویەکی دوور درێژبووەتەوە، کەسی بێباك کە دژ

بە جیهان دەوەستێ سەیر دەکات کلێسا پەناگەیە بۆی چونکە ڕایگەیاندووە: مەملەکەتی من لەم جیهانەدا نیە.

بەڵام بارەکە لەڕێی ڕاستی خۆی لایدا و کلێسا بەهێز بوو بەوەش خۆگەورە زانی زیادی کرد وەك توینبی دەڵێت، هەروەها حەزی دەسەڵاتی زیادی کرد ئیتر بێباکان بەرگەی ئەو بارەیان نەدەگرت. دواتر لە سەدەی یانزەوە چەند هێزێ دژ بە کڕین و فرۆشی پسووڵەو پۆست و پایەی کلێسا دەوەستان، چون دژ بە کلێسا وەستاو ڕایگەیاند پاپا دژی مەسیحە، دواتر لۆسەر دەرکەون و هێرشی بردە سەر کلێساو هێرشی بردە سەر قبولکردنی سامان بەرامبەر لێخۆشبوون لە تاوانەکان، کالڤن جەختی لەوە کردەوە کە بیرۆکەی مەسیحی ڕزگارکەر هەیە، لەو کاتەشدا نەخۆش بوو، بۆیە ئەنجامی چاکسازی پرۆتستانتی چاکسازی نەبوو بۆ مەسیحیەت بەڵکو چاکسازی بوو بۆ مەسیحیەتی پۆڵس.

ڕێبەرانی چاکسازی (لۆسەرو کالڤن و چەندێکی تر) کە چاکسازییان لە کلێسای کاسۆلیکیدا دەکرد ڕێککەوتن لەسەر نەهێشتنی کۆپەر نیکۆش و بەندکردنی حەبوراو نۆبرۆنۆ چونکە قەشەیەك بوو کە پشتگیری بیرۆکەی کۆپەرنیکۆش بوو و سوتێنرا، بیرۆکەکەی کۆپەرنیکۆس دەیوت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، نەك خۆر بە دەوری زەویدا بخولێتەوە.

پرۆتستانت و کاسۆلیك پێکەوە گەڕانەوە بۆ ئینجیل تا بیسەلمێنن زەوی سەرچاوەی بوونەو خۆرو مانگ و ئەستێرەکان لەبەر پێدانی ڕووناکی بە زەوی دروست کراون. دواتر کۆڵن ولس دەگاتە کۆتایی ڕێگەکەو دەڵێت: هەوڵمدا ئەوە ڕوون بکەمەوە مەسیحیەت جەختی نەکردووەتەوە سەر ڕێنماییەکانی مەسیح بەڵکو جەختی کردووەتەوە سەر بیروباوەڕێکی میتافیزیقی کە پۆلس دایهێناو بوو بە بنەڕەت بۆ کلێسای کاسۆلیکی کە تۆوی لەناوچوونەکەشی لەگەڵدا هەڵگرت (چونکە تەنها یەك هەنگاوی بچووك مابوو لەنێوان ئەو قسەدا کە دەڵێت (مەسیح دەتوانێ مرۆڤ لە تاوانەکانیان ڕزگار بکات و کلێساش دەتوانێ بەرامبەر بە سامان وەرگرتن ئەوە بکات).

کاتی لۆسەر دژ بە گەندەڵی ڕاپەڕی ئەویش بۆ دامەزراندنی کڵێسا نوێکەی بیرۆکەی مەسیحی ڕزگارکەری بەکارهێنا، بەڵام سەردەمی زانستی بەرەبەرە دەیدا لە زانست و خۆی زاڵدەکرد، ئەم هەڵوێستە ئەمڕۆ بەرەو ڕوومان دەبێتەوە، کڵێسا بەردەوام بیرۆکەی مەسیحی ڕزگارکەری بەکارهێناوەو بە بەردی بناغەی داناوە. ئەمە هەڵوێستێکە باری ڕەوتێکی تری بیری ڕۆژئاوایی دەنوێنێ.

(فیسەر تهوفت) لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کڵێسای هاوچەرخ بوو بە لەناوبەری یەکبوونی جیهانی مەسیحی بۆ چەند کۆمەڵگەیەکی مەسیحی و کڵێسایەکی جیاجیا بەتایبەت دوای ئەو بزوتنەوە چاکسازیەی کە لۆسەر ئەنجامیداو لە ئەنجامدا بەش بەش بوون و ململانێی بەردەوامی نێوان مەسیحیەت ڕوویدا کە لەلایەکەوە لە کڵێساکانیدا خۆی نیشان دەدات و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ زانستە سروشتیەکان و بزاڤە بانگخوازەکانی دیدی تاکەکەسی‌و مرۆییدا ململانێکە خۆی دەنوێنێ.

نووسەر ئاماژە دەدات بە دوژمنانی مەسیحیەت: نیتشەو کارل مارکس و کانت و دەڵێت نوێنەرانی کڵێسە مەسیحیەکان لە ڕۆژئاوادا هەستیان بەوە کردووە هەڵوێستی بەرگریکردن لە خۆ بەرامبەر ئەو هێزە عەلمانیانەی کە بەهێزو توندی چوونەتە ناو کۆمەڵگەیانەوە پێویستە. پێی ولسە تەنازولکردنی دامەزراوە مەسیحیەکان بۆ قەیسەر بە شێوەیەکی نیمچە تەواو بۆ هەر شتێکە بەحاڵ پەیوەندی بە قەیسەرەوە هەبێ و هەرچی مایەوە بۆ خۆی بپارێزێ. پێی وایە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەی کڵێسایە چونکە ڕزگاری کردووە لە پەیوەندی تەقلیدی کە لەڕاستیدا پەیوەندی نیە بە کڵێساوە، نووسەر جاخی خۆی بۆ فەوتانی ئەو جیهانە یەکگرتووە مەسیحیە دەردەبڕێ و جیاکاری ناکات لەنێوان کڵێساو کۆمەڵگەو دەوڵەتدا.

بێگومان بەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر جیهانی هاوچەرخ نیشان دەدەن و ئاماژە دەدەن بە ڕۆڵی گرنگی بەرامبەر تەنگ پێهەڵچنراوی ئایینەکان لە ڕۆژئاوادا لە ئەنجامی ئەو ڕاڤە مەترسیدارانەی لەلایەن هەندێ سەرکردەی ئایینیەوە ئەنجام دراون و مرۆڤایەتییان لەسەر ڕۆیشتووە. دواتر جیهانی نوێ هات و ساختەبوونی ئەوانەو

# باسی سێیەم

## ( جوولەکایەتی لە هەوڵی تەنگپێهەڵچنینی ئیسلامدا )

جوولەکایەتی هەوڵ دەدات سەرلەنوێ دەست بگرێتەوە بەسەر مرۆڤایەتی و ئیسلام و مەسیحیەتدا، ئەمەش لەڕێی دارشتنەوەی چەمك و واتاکانی لە چەند بیردۆزەو مەزهەبێکی نوێدا کە پێوەرەکانی ئایینی پێ بشکێنێ، توانیویەتی لەوەشدا چەند هەنگاوێ بنێ و توانی دەست بگرێ بەسەر تواناکانی بیری ڕۆژئاوایی مەسیحیداو تەنگیان پێهەڵچنێ و لاڕێیان بکات و چەمك و واتای خۆی بسەپێنێ بەسەریدا.

بەڵام جیهانی ئیسلامی کە ماوەی سەدەیەکە کاریگەر بووە بە بیری مەسیحی ڕۆژئاوایی بەهۆی داگیرکاری ڕۆژئاواو دەست گرتنی بەسەر خاکی ئیسلامیدا، بۆیە گۆڕانکاریە نوێکان تیایدا بە هەوڵی ماسۆنیەت و تلمودی و صەهیۆنیەت دەردەکەون و وەك هەڕەشەی نوێ وان، لێرەوە هزری ئیسلامی لە ئێستادا بەرەو ڕووی چوار هەڕەشە دەبێتەوە: هەڕەشەی هزری ڕۆژئاوایی مەسیحی، هەڕەشەی هزری تلمودی صەهیۆنی، هەڕەشەی هزری ماددی مارکسیو هەڕەشەی بیری ملهوڕی.

بیری ڕۆژئاوایی مەسیحی بە فرەژنی و سنووردارکردنی تەڵاق و جیاکردنەوەی ئایین لە کۆمەڵگەو دەوڵەت و بەرزڕاگرتنی چەمکی پاڵەوانێتی لە چیرۆك و شانۆی وەرگیراو لە بیردۆزەی تاوان و فیداکاریەوە هەڕەشە لە ئیسلام دەکات.

بیری جولەکەی تلمودی بە سووخواردن و بانگەواز بۆ بێڕەوشتی و ڕژەیی بوونی ئەخلاق و گەشەسەندنی ڕەهاو بەرزڕاگرتنی ڕەگەزی و پێشکەوتنی ماددی و نکوڵی فەرهەنگ و مێژوو هەڕەشە لە ئیسلام دەکات.

ئەگەر بیری مەسیحی هەوڵ بدات بانگەشە بۆ ئەوە بکات شەریعەتی ئیسلامی پەیوەستە بە یاسای ڕۆمانیەوە یان پێی کاریگەرە، ئەوا بیری جوولەکەیی تلموودی هەوڵ دەدات چەند چەمك و واتایەکی ڕەگەزی و بەرزڕاگرتنی خوێن و ڕەچەڵەك و ماددیەتی ژیان و نکوڵی لە

ئیسماعیل و بوونی عەرەب لە وەچەی ئیبراهیم و هێنانی چەمك و واتای جادوو و فاڵچیەتی‌و ئەفسانەو بەرزڕاگرتنی جنس و چێژەکان و پارووی ژیان و نکوڵی لە خێزان و ئەفسانەی گەلی هەڵبژێردراو پێشکەش بکات، بێگومان هەموو ئەو شتانەی تلمودی صەهیۆنی شتی تازە نین و لەدایکبوونی بیری کۆن و ئەو لارێکردنە بەرفراوانەن کە لە تەوراتدا ئەنجام درا.

لێرەوە بیرۆکەیەکی پیسی گومانــاوی کە هەندێ لەخشتە براو و گومڕاکراو و شوێنکەوتوانی ماسۆنیەت و تلمودیەت بانگەوازی بۆ دەکەن هەوڵی جیاکردنەوەی جوولەکایەتی جیهانیە لەگەڵ صەهیۆنیەتدا، ئێمە یەك جیاوازیمان لا هەیە کە جیاوازی نێوان ئایینی موسایە وەك ئەوەی خوا دایبەزاند لەگەڵ جوولەکایەتیدا بەو جۆرەی عزرا لە دەرکرانی بابلدا داینا.

فەلسەفەی صەهیۆنیەت لە بنەڕەتدا لەو جوولەکایەتیەوە وەرگیراوە کە بنەڕەتەکانی ناو تەوراتی دەستکاری کراون و ڕاڤەیەکی تەواویان لە تلمودو مەنشادا کراوەو لەسەر ئەفسانەی گەلی هەڵبژاردە وەستاون کە گوایە میراتی ئیبراهیم جیا لە هەموو نەوەکانی تەنها بەوان دراوە بێگومان کاتێ دەڕوانینە مەترسی تلمودی مەسەلەیەکیان لە هەموو ئامانجەکان مەترسیدارترە کە ئەویش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی جیهانی سووخۆریە کە ئەمەش ئایدۆلۆژیای جوولەکەیە. (ئێمەی جوولەکە پێویستە لەڕێی دامەزراندنی چەند قۆرخکاریەکی گەورەی جوولەکەیی جیهانیەوە کە هەموو سامانی جیهان لەخۆ بگرێ و وەك کۆگای هەموو سامانی جیهان بن دەست بگرین بەسەر سامانی جیهاندا، چی خاوەن موڵك و سامان هەن نەمێنن و هیچ ڕێیەکی لەناوبردنی ئەو هێزەش نیە جگە لە چالاککردنی کاری موزارەبە تا مەیدانی سوو ببێ بە بۆرسە، ئیتر ئەو سامانداراانە ڕوو دەکەنە قۆستنەوەی سامانیان لە پشك‌و سەنەدەکاندا لەبری ئەوەی زەوی و عەقاریان هەبێ کە قازانجیان زۆر باش نیە، بەڵکو چەند شوێن و باری قەرزدان دابنرێن کە لەڕێی وەکیلەکانمانەوە بدرێن دواتر خاوەن موڵکەکان نەتوانن بیبەنە سەر ئیتر گەلان دەکەونە چنگمانەوە، ئەوە پیلانی دەست گرتنە بەسەر

سامانی جیهاندا لەڕێی پشك و سەنەدەوە تا حكومەتەكان ناچار بن داوای هاریكاری دارایی لە بانك و خەزێنەكانمان بكەن ئیتر ئەو كات حكومەتەكان دەكەونە چنگی سەرمایەدارییەوە بەو جۆرەش حكومەتەكان و گەلان لە هۆكارو پێناوی هێز دادەماڵێن.

بۆیە دەبێ كار بكەین حكومەتەكانی جیهان نغرۆی قەرز بكەین لەڕێی هاندانیان بۆ قەرزكردن لە ئێمە لەڕێی بەڵێنی قەرزی ناوخۆییەوە بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانیان، ئەو قەرزانەش بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە گیرفانی ئێمەوە دەیدەین ئیتر دەتوانین دوای ماوەیەك كە بمانەوێ خێرا بە قەرزەكانمان ئەو حكومەتانە تووشی مایەپووچی بكەن.

هەروەها ڕۆژنامەوانی و ئەدەب گەورەترین پێناوی دەسەڵاتی هزرین، بۆیە ئێمەی جوولەكە دەبێ زیاترین ژمارەی پێگوە ڕۆژنامەو بلاوكردنەوەو ناوەندی هەواڵی جیهانی بكڕین تا خەڵكی هەر هەواڵ یان بابەت یان ئاڕاستەو پەیامێ لە گۆشە نیگای ئێمەوە و لە ڕوانگەی چاویلكە ڕەنگاوڕەنگەكەی ئێمەوە ببینن، پێویستە چەندین ڕۆژنامەمان هەبێ كە پاڵپشتی حیزب و دەستە جیاجیا ئەرستۆقراتیەكان دەبن تا جەماوەر پەیدا بكەن و لە شۆڕشگێڕیەوە بەرەو پشێوی هەنگاویان پێ نێین.

ئەو ڕۆژنامانە وەك خواوەندی هیندی فشۆ سەدان باڵیان هەبێ تا بێگایان دوودڵ بن لەوەی ئەوەی خەیاڵی دەكەن ڕای خۆیانە یان ڕای ڕۆژنامە و حیزبەكانیانە، ئەوكات ئێمە ئەوەی دەمانەوێ بەدیدەهێنین و ئەوانیش تەنها ئەوە دەڵێن كە ئێمە لەپشت پەردەوە دەیخەینە سەر زمانیان.

هەركات بینیمان ڕای جیهانی بەرەو حەقیقەت دەڕوات دەبێ كار بكەین بۆ گۆڕینی سەرەو ئاڕاستەیەكی تر، ئەركی ئێمە ئەوەیە لە هەر ڕێگە یان بیركردنەوەیەكی وردو دروست سەرقاڵیان بكەین لەڕێی ورووژاندنی چەند بابەتێ كە مرۆكی ڕۆژنامەوانییان هەبێ و تەواو سەرقاڵیان بكەین بە چەند گاڵتەو گەمەی ڕابواردن و هونەرو وەرزشەوەو دروشمیشمان هێزو سووخۆریە و لە پێناو ئەو دووانەو بۆ گەیشتن بە ئامانجمان دەبێ وازنەهێنین لە پەنابردنە بەر

بەرتیل و فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندن، دەبێ بێ دوو دڵی هەنگاو بنێین بۆ دەست درێژی کردنە سەر موڵکیەتی کەسانی تر.

(ئیبن گۆریون) دەڵێت: بەڕاستی جوولەکایەتی بەرامبەر ژیاری یۆنانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و مەسیحیەت وەستا، دواجاریش بەرامبەر بە ئیسلام وەستاوە.

(دستیوفسکی) دەڵێت: مەڵێ بسمارك یان کۆماری فەرەنسی، هەموو ئەوانە خەیاڵن، تەنها جوولەکەو سامانی جوولەکە گەورەی جیهانن، جوولەکەو سەرمایەکەی دەستیان گرتووە بەسەر هەموو شتێکدا، بەسەر ئەوروپادا، بەسەر خوێندندا، بەسەر شارستانیەتدا، بەسەر ئیشتراکیەتدا. دەیان سەرچاوە هەن کە جەخت لەوە دەکەنەوە ماسۆنیەت سەرچاوەی تەنگپێهەڵچنینی بیری ڕۆژئاوایی و گۆڕینی بووە لە ئەدەبی مەسیحی و ئەخلاقی مەسیحیەتەوە، یەکەم هەنگاویشی شۆڕشی فەرەنسی بوو.

نووسەری کتێبی (مێژووی ڕەخنەگری شیعری ئینگلیزی) دەڵێت: سەرکردەکانی شۆڕشی ئەوروپی لە سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپیدا بنەمایەکی هەڵیان گرتەبەر کە شۆڕشی ئەدەبی ئەوروپای ڕۆژئاوایی بەرەو زیادەڕەوی لە مرۆڤ و بانگەشەی ئەوە برد کە مرۆڤ خۆی پێوەری هەموو شتێکە نەك خودا.

ئەوە دواجار بەرەو گومڕاییەکی دووری بردن کاتێ شۆڕشی فەرەنسی ڕەوتەکەی ڕۆسۆی گرتەبەر کە پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی و بیروباوەڕەکانی پێشتری ئیمانی (کە لە مەسیحیەتەوە هەڵقوڵابوون) دەپچڕاند. ئەمە واتە فەلسەفەی شۆڕشی ئەوروپی لە بنەماکانی مەسیحیەت لایداو بانگەوازی بۆ خۆی کرد کە دەیوت کاری مرۆڤ هەرچی بێ لە خۆیدا تەواوە، ئەم فەلسەفەش لەسەردەمی شۆڕشەوە هاتووە کە کاری ئەوەیە بیانوو بهێنێتەوە بۆ کاری مرۆڤ با هەرچی کردبێ بە چاوپۆشی کردن لەڕای بیروباوەڕی مەسیحیەت لەو بارەوە.

توێژەرێکی تر ئاماژە دەدات بەو گۆڕانە مەترسیدارەو دەڵێت: جوولەکە لە ڕۆژئاوادا واتای حەقیقی ئایینیان نەهێشت لەپێناو ئەو واتایەی خۆیاندا کە دامەزراندنی دەوڵەتیان بۆ بەدی دەهێنێ. ئەوان ژیاری ڕۆژئاواییان بەمیرات گرت کە لە بنەڕەتدا هیچ بەشدار نەبوون لە

دروست کردنیدا بەڵکو خۆیان سەپاند بەسەر بیری ڕۆژئاواییدا و بەتەواوەتی دەستیان گرت بەسەریداو بەتەواوەتی بەرەو نائایینی و نائەخلاقی و ملهوڕی و بێڕەوشتیان برد بەپێی چەند ڕێبازێکی فەلسەفی خاوەن مۆرکی بریقەداری زانستی.

جوولەکایەتی ئەگەر بیری ڕۆژئاوایی دارماند داروپەردوی گەیشتە جیهانی ئیسلامی بەنیازی بەدیهێنانی نیازی خۆیان کە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی جوولەکەیە لە فەلەستین.

نیازی جوولەکە لەوە بنیادنانی قەوارەی ئیسرائیل بووە بەو واتایەی گەڕاندنەوەی ژیانی مرۆڤایەتی و جیهانی مرۆیی و مێژوو بێ بۆ سەردەمی پێش مەسیح واتە دە سەدە پێش مەسیح ئەخلاق و بیرو ڕۆحی ئەوکاتی چۆن بووە ئەو بارەی جوولەکایەتی بگێڕێتەوە. ئەمە نهێنی سوربوونی تەواوە بۆ زیندوو کردنەوەی کلتوورو فەرهەنگی بابل و ئاشوورو مەجووسیەتو بووزیەت و ئەو هەموو گرنگیدانە بە فەلسەفەی هێلێنی یۆنانی. لە سالآنی دواییدا دەرکەوت مەعریفەی یۆنانی لە قوڵاییەکانیدا کەسێتیەکی تەواو جوولەکەیی دەنوێنێ، جوولەکە هیوایان وایە لەرێی ئەو مەعریفەوە دەستبگرن بەسەر هەموو گەلاندا.

قەشەیەك کە پێی دەوترێ (ئۆزیب) لە کتێبەکەیدا چەند بەشێکی لە کتێبی (نومی نوسی) بلآوکردوەتەوە کە دەڵێت فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتون چەندین بیری خۆی لە پێغەمبەر مووساوە وەرگرتووە، بەڵکو هەیە بانگەشەی ئەوە دەکات ئەفلاتون خودی پێغەمبەر مووسا بووە، چەندین حاخام هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن فەلسەفەی یۆنانی لە بیروباوەڕی جوولەکەوە وەرگیراوە. فەیلەسوفێکی جوولەکە بەناوی (تەورات ئەرستۆپۆل) ناودەبرا بانگەشەی ئەوە دەکات هەندێ بیری فەیلەسوفانی یۆنانی وەك ئەفلاتون و سوقرات بەتەواوەتی وەك بنەماو فەرمانەکانی جوولەکایەتین، حاخام و فەیلەسووفی ناوداری جوولەکە (فیلۆن) دەڵێت: بیردۆزە یۆنانیەکان بەتەواوەتی ئەوانەن کە بەتەواوەتی لە ئایینی جوولەکەدا هاتوون.

ڕاستی ئەو فەلسەفە عەلمانیەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوای داگرتووەو پاڵپشتی بزووتنەوە نەیارەکانی نەتەوایەتی و ئاین و مێژوون لە یەهوا، واتە جوولەکەو شەریعەتی تەوراتەوە هاتووە، حاخامەکان بە دیدی شاراوەیان پەتی خۆیان دەبەستن تا شارستانیەتی مەسیحی

ڕۆژئاوا بەرەو جوولەکایەتی ڕابکێشن. بێگومان هەموو ئەمانەش چەند بەڵگەنامەیەکی نوێ دەخەنە دەست ئەوانەی پێیان وایە جوولەکایەتی صەهیۆنیەت یەك بنەڕەتیان هەیەو صەهیۆنیەت ڕوخساری سیاسی تلمودی پەتی کۆنە.

ئەمەش لە نووسینەکانی زانایان و فەیلەسوفانی صەهیۆنیەتدا چەسپاوە کە صەهیۆنیەتی سیاسی ناتوانێ لە ڕەگە ئایینیەکانی دەرباز بێ. ئایا یەك جوولەکە هەیە دژی صەهیۆنیەت بێ و بانگەوازی ناو تەورات و تلموود سەبارەت بە گەلی هەڵبژاردەی خواو بەڵێنی خاکی میعاد بەدرۆ بخاتەوە؟؟!

بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە جوولەکایەتی هەوڵیداوە دەستکاری مێژووی مرۆیی بکات و ئایینەکان بگۆڕێ، بێگومان مەترسیدارترین کاری جوولەکایەتی لەمڕۆی ئێمەدا هەوڵی دەستگرتنیەتی بەسەر زانستی بەراوردی ئایینەکان و زانستی ڕەگەزەکان و چەمك و واتاکانی نەفس و ئەخلاق و کۆمەڵایەتیدا.

(بەرباره توخمان) ژنە نووسەری جوولەکە لە کتێبەکەیدا (تەورات و شمشێر) دەڵێت: (بەو جۆرە جەنرال لنبی لە ساڵی ١٩١٨ دا چوویە ناو قودس و کاتێ ریتشرد (ریکاردۆس دڵی شێر) شکستی خوارد ئەم سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا، ئەگەر ئەو سەرکەوتنە نەبووایە ئیسرائیل نەدەگەڕایەوە بۆ خاکی بەڵێن لەسەر دراو کە بوو بە حەقیقەتێکی واقعی، بەو جۆرە لنبی نەیدەتوانی سەرکەوێ ئەگەر ریتشارد پێشتر هەوڵی نەدایە، واتە ئەگەر مەسیحیەت لەسەر ئەو بنەڕەتە نەبووایە کە مەسیحیەکان بەرەو وابەستەیی بۆ خاکی پیرۆز دەبات، ئەوەی نامۆیە جوولەکە بەهۆی ئەو قەرزەوە کە دابوویان بە نەخوێندەواران تا ئاستێ نشینگەی خۆیان گێڕایەوە).

بەو جۆرە لایەنەکانی ململانێی نێوان مەسیحیەت و جوولەکایەتی دەردەکەون سەبارەت بە هەوڵی دەست گرتن بەسەر ئیسلامدا. لێهاتوویی جوولەکە دەردەکەوێ لەوەی تۆپەکەی لە قاچێکەوە دەدا بە قاچەکەی تر تا کەوتە ساحەی خۆیەوە.

ئامانجی بنەڕەتی ماسۆنیەت دارماندنی پایەویەت بوو، بەڵام ئامانجیشی هەبوو گەورەترین مەڵبەندی ئایینی لە ئەوروپا لەناوبەریێ کە کڵێسای رووسی بوو، جارێکی تر لێنەوی بۆ لەناوبردنی خیلافەتی ئیسلامی لە تورکیاو لە چەند ساڵێکی کەمدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئەوەی بەدیهێنا. ئەمە واتای ئەوەیە گەورەترین دەستکەوتی ئەو جەنگە بۆ جوولەکە بوو، چونکە جوولەکەی ماسۆنی لە هەموو ئەوروپا شۆڕشی فەرەنسی هەڵگیرساند تا بوونە جوولەکەو دەستگرتنی بەسەر کۆمەڵگەی ئەوروپیدا بەدیبهێنێ، هەر لەڕێی جوولەکەی دەونەمە لە سالۆنیك توانی لە ساڵی ١٩٠٩دا دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید بڕووخێنێ و لە ساڵی ١٩٢٤یشدا خیلافەت بڕووخێنێ.

جوولەکە پێیان وابوو دەسەڵاتی عوسمانی دیوێکی ترسێنەری خیلافەتی ئیسلامیە کە مەترسیە بۆسەر داهاتوویان، هەوڵیاندا تەنگ هەڵچنن بە سوڵتان عەبدولحەمیدو دەوڵەتی عوسمانی و هرتزل لەو پێناوەدا توانای زۆری بەخەرجدا بەڵام نەیتوانی بە هیچ بگات[1]. ئەمەش لەساڵی ١٩٠٢دا بوو کاتێ کۆربەندی ماسۆنی بڕیاریدا سوڵتان عەبدولحەمید لابرێ و ڕێبەرانی تورکیای گەنجان و ئیتیحادو تەرەقی ڕاسپارد تا بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. جوولەکە توانیبوویان پێشتر دەستبگرن بەسەر ئەو کۆمەڵەدا، هەروەك چۆن دەستەو کۆمەڵەی دەونەمەش بەسەریدا زاڵ بوون، دەونەمە ئەو جوولەکانەی ئیسپانیا بوون کە خۆیان بە موسڵمان نیشان دەداو دوای ڕاکردنیان لە دادگاکانی پشکنین سالۆنیکیان کرد بە پێگەی خۆیان دواجار ماسۆنیەت لە ساڵی ١٩٠٩دا توانییان ئامانجەکەیان بهێننە دی و سوڵتان عەبدولحەمید لابەرن. کودەتاکەی تورکیا جڵەوی تورکیای دایە دەست جوولەکەی ماسۆنی دەونەمە (تەلعەت، جاوید، جەمال، ئەنوەر، نیازی) دواتر پاش جەنگی جیهانی یەکەم و دابەش بوون و کەوتنی تورکیا دەوڵەتی عەلمانی تورکیا دامەزرا کە خیلافەتی هەڵوەشاندەوەو زمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلامی و بانگدانی لەکارخست و مزگەوتەکانی داخست.

---

١- بڕوانە نوسراومان (العروبة والاسلام تصحيح أضخم خطأ في التأريخ الاسلامي المعاصر).

کودەتاکەی موستەفا کەمال ئەتاتورك کە خۆی لە جوولەکەی دەونەمە بوو قەسابخانەی بۆ موسڵمانان دروست کردو کەوتە کوشتاری موسڵمانان، ئەو وڵاتە ئیسلامیانەش کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون کەوتنە دەست داگیرکەرو صەهیۆنیەت پاش ئەوەی ئیتیحادیەکان تەرابلوسیان دایە دەست ڕۆژئاوا.

وەك پێشەکیەك بۆ لەکارخستنی خیلافەت سوڵتان عەبدولحەمید لابرا، هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتیش دەرگایەکی فراوانی کردەوە لە ماوەی دەسەڵاتی ئیتیحادیەکاندا لە (١٩٠٩-١٩١٦) بۆ دەست گرتن بەسەر فەلەستین و بەدیهێنانی ئامانجی جوولەکە کە دەست بەسەردا گرتنی مەسیحی بوو کە خۆی لە بەریتانیادا دابینیەوە تا لە ساڵی ١٩١٧دا دەست بگرێ بەسەر قودسدا وەك پێشەکیەك بۆ دەست بەسەردا گرتنی لەلایەن جوولەکەوە کە دوای پەنجا ساڵ ئەوەیان بۆ بوو لە ساڵی ١٩٦٧دا. یەکێ لە مەترسیدارترین ئامانجەکانی جوولەکایەتی و مەسیحیەت بریتی بوو لە پەرت کردنی خیلافەتی ئیسلامی گەورەو جیاکردنەوەی عەرەب لە تورك و دارِماندنی جامیعەی ئیسلامی و هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت[1].

لە فەلەستیندا مەسیحیەت و جوولەکە بەوپەڕی دڕندەییەوە جارێکی تر کەوتنە کوشتاری موسڵمانان کە نموونەی وا نەبینراوە، بێگومان خیلافەتی ئیسلامی لە ڕوانگەی ئەو هەڕەشانەوە کەبەرەو ڕووی سوڵتان عەبدولحەمید دەبوونەوە توانایەکی گەورەی نواند لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسیەکاندا. ئەمە سوڵتان عەبدولحەمیدی کشەی لێزان و سیاسی هاندا تا ئاڵای جامیعەی ئیسلامی بەرزبکاتەوە بۆ کۆکردنەوەی موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهاندا لەژێر ئاڵای خیلافەتدا تا بەرەنگاری مەترسی داگیرکەری فەرەنسی مەسیحی و شاڵاوی صەهیۆنی جوولەکەیی بوەستنەوە. ئەو هەوڵ و هەنگاوەش مەردانە بوو، کە بەرامبەر هەڵخەڵەتاندنکاری جوولەکایەتی جیهانی وەستاو لە وتارەکەیدا دەڵێت: ئامۆژگاری دکتۆر هرتزل دەکەم تا لەو ڕێگەوە هەنگاوی تر نەنێ چونکە من ناتوانم تەنازول بکەم لەیەك پێ چوارگۆشە لەو خاکە (خاکی فەلەستین) چونکە ئەوە خاکی من نیە بەڵکو خاکی گەلەکەمە،

١ بڕوانە: د.محمد علی الزعبي: الماسونية في العراء.

ئەو گەلەم کە لە پێناو ئەو خاکەدا جەنگاوەو بە خوێنی خۆی ئاوی داوە، واز لە جوولەکە بهێنن تا ملیۆن پارەکانیان بۆ خۆیان هەڵگرن، ئەگەر ئیمپراتۆریەتەکەم لێکهەڵوەشا ئەوا لەوانەیە جوولەکە بێ بەرامبەر فەلەستین بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر لەسەر جەستەی ئێمەدا بەوە بگەن دوای پارچە پارچەکردنی لەشمان، من ناتوانم ڕازی بم لەسەر ئەنجامدانی ئەزموونی نەشتەرگەری لەسەر جەستەی نەوەکانی گەلە زیندووەکەم[١].

بێگومان دەست گرتنی جوولەکەی صەهیۆنی بەسەر فەلەستیندا لەڕێی ئینگلتەراوە بوو، دواتر ئەمریکاش، ئەو دوو دەوڵەتە پرۆتستانتی بوون کە تیایاندا ماسۆنیەتی جیهانی پێگەیشت و ئەفسانەی زەوی بەڵێندراوی بردە ناو عەقڵی مەسیحیەکانەوە تا ئەوەی بڕوایان پێ کرد، ئەمەش دەروازە بوو بۆ بڕیاری کۆربەندی مەسکونی سێیەم لە ساڵی ١٩٦٤ بەبێتاوان بوونی جوولەکە لە تۆمەتی کوشتنی مەسیح، پیلانی جوولەکە بەرامبەر ئایینی مەسیحی لەبەرچاوی مەسیحیەکان ون بوو و نەیاندەزانی لە پرۆتۆکۆلانی صەهیۆنیدا چی پیلان دانراوە بۆ دەستگرتن بەسەریانداو چۆن ڕاشکاوانە زۆر حاخامیان ئەوەیان وتووە وەك وتەکەی حاخام بیناموریخ: جوولەکە بە شکستی مەسیحیەت ڕازی نابێ بەڵکو دەبێ شوێنکەوتەکانی بکات بە جوولەکە، ئەو بیروباوەڕی مەسیحی دادەڕمێنێ ناکۆکی دەنێتەوەو ویستی خۆی بەسەر جیهاندا دەسەپێنێ لە ڕوانگەی ئەخلاق و ژیاندا.

حاخامێك دەڵێت: ئێستا چەند ساڵێکی کەممان لەبەردەمدان تا ساتی دارمانی تەواوەتی ئایینی مەسیحی ببینین، مەسیحیەت وا لەدوا هەناسەکانیدایە، مەسیحیە دەرچووە بێباوەڕەکان کەباس لەپێشتر بوونی مافی پیرۆز دەکەن بۆ خۆیان ڕێی هەڵەیان گرتەبەر، ئێمەش زۆر هەوڵماندا تا تێیان بگەیەنین مەسیح بەهیچ جۆرێ لەسەر زەویدا نەبووە.

بەڵام بڕواننە دیدو لێبووردەیی ئیسلام و ڕێزنانی لەسەید مەسیح و داننانی بە پێغەمبەرایەتیەکەیدا، بێگومان ئامانجی جوولەکەی تلموودی نوێ کە خۆی لە صەهیۆنیەتدا دەبینێتەوە هەمان ئەوەیە کە چەندین جار ئاماژەیان پێداوە بەتایبەت لە پرۆتۆکۆلەکانیاندا

١- دەقەکە لە یادەوەریەکانی هرتزلەوە وەرگیراوە.

(دەبێ باڵ بکێشین بەسەر هەموو بیروباوەڕو ئایینەکانی تردا، ئەگەرچی ئەوە پێویست بکات بە بوونی ملهوڕانێ کە نکوولّی بکەن لە بوونی خوا).

سەبارەت بە هەڵوێستی یەکلای دژ بە مەسیحی لەلایەن جوولەمەوە ئەبی نێردراو مارکۆنی باس لە پەیوەندی پاپا بە صەهیۆنیەتەوە دەکات و دەڵێت: لەم دواییانەدا چەندین گۆڕان لە پەیوەندی نێوان جوولەکەو حکومەتی ئینگلیزیدا ڕوویدا، لەو گۆڕانکاریانەش ئەوە بوو گرنگی دەوڵەتانی دا بە مەسەلەی گەلی جوولەکە، دواجار ڤاتیکانیش گرنگی دەدا بە مەسەلەکە.

پاپا بە چاوی ڕەزامەندیەوە دەیڕوانیە پڕۆژەکانی صەهیۆنیەت لە فەلەستیندا و پێی وابوو سەرچاوەی بەرەکەتیەتی بۆ ئاشتی جیهانی.

پاپا نیۆسی نۆیەم بڕوای وایە صەهیۆنیەکان مافیان هەیە هەموو کڵێسا ئایینیەکان بەرەو گرنگیدان بە نیازەکانیان بەرن و دەڵێت (من جەخت لەوە دەکەمەوە کڵێسای کاسۆلیکی کە گەورەترین کڵێسای جیهانە پاڵپشتی صەهیۆنیەت و خواستەکانی بێ) بێگومان بەڵگەنامەی وا دوو شت ئاشکرا دەکات:

**یەکەم:** ئاستی کاری جوولەکایەتی جیهانی لە تەنگپێهەڵچنینی مەسیحیەتدا.

**دووەم:** ئاستی باری لاوازی و داکەوتنی کڵێسا.

بەڵێ، جوولەکایەتی توانای ژمارەیەکی زۆری مەسیحی خاوەن پایەی ڕۆشنبیری و سیاسی بۆ خۆی ڕابکێشێ و بیانکات بە مەسیحی صەهیۆنی.

(ئەلفرێد لینتال) لە کتێبەکەیدا (ئیسرائیل ئەو دۆلارە ساختەیە) دەڵێت: جوولەکە هێرشی بردە سەر کۆمەڵگەی مەسیحی، مەسیحییە صەهیۆنیەکان لەو بزاڤەدا ڕۆڵێکی تەواو هەستیارو پڕ پاڵپشتییان دەبینی، هەستی سۆز بۆ صەهیۆنیەت تەنها لەسەر جوولەکە کورت نەبوو بوویەوە بەڵکو صەهیۆنیەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ئەو نموونەی هەبوو کە حاییم وایزمان هێناویەتیەوەو سوودی وەرگرتووە لە تێکەڵکردنی ڕەگەزە مەسیحییەکان و جوولەکایەتیش لە داماڵینی بەڵێنی بەلفۆردا، بۆ ئەوەش پشتی بەستبوو بە مەسیحیە

ئەمریکیەکان تا خزمەتگوزاری بۆ شوماری پێشکەش بکەن، بنەڕەتەکانی زانستی دەروونناسی بەکارهێنا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیەکی دوو لایەنە لەڕێی ویژدانی بارشێواوی جیهانی مەسیحیەوە کە هەوڵیدەدا بۆ سڕینەوەی ئەو چەوساندنەوەیەی کە بەدرێژایی مێژوو بەرامبەر جوولەکە ئەنجامیدا بوو، دواتریش سۆزی لیبرالی کە لەسەر لاوازی و سۆزی دەوڵەمەندان و هەستە ئایینیەکانی ڕۆشنبیرە تەوراتیەکان ڕاوەستابوو.

ئەوانەی وایاندەبینی دامەزراندنی ئیسرائیل لەڕاستیدا موژدەیەکی پێویستە بۆ هاتنی مەسیح، هەندێ مەسیحی ئەو بانگەشەیان قبوڵ کرد کە دەڵێت تەورات داوا دەکات جوولەکەکانی ئەمڕۆ لە مەنفایانەوە بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی نەتەوەیی خۆیان لە فەلەستین بە بانگەشەی ئەوەی دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل دەوڵەتێکە لە کتێبە دابەزیوەکاندا باسی هاتووە.

بەڵام زۆر مەسیحی تر بۆیە پشتگیری بوون چونکە ئایینی ئیسلام لە دیدی ئەواندا ئاینێکی توندڕەوی بتپەرستیەو پاڵپشتیان بۆ ئیسرائیل پێناوێکی بەرگریە دژ بە دروست بوونی یەکبوونێکی ئیسلامی، ئەمەش دەرەنجامی سەدەکانی پێشترە کە ململانێ لەنێوان موسڵمانان و مەسیحیەکاندا ڕوویداو چیرۆکی خەیاڵی لەسەر جەنگە خاچپەرستیەکان بڵاوبوونەوە.

ئەمە واتە جوولەکەی تلموودی توانی مەسیحیەتی ئەورویی و ئەمریکی هەڵبخەڵەتێنێ، لە هەمان کاتدا کە کاری دەکرد بۆ لەناوبردنی مەسیحیەت و ئەوەشی لە کتێبەکانیدا بە ڕاشکاوانە دەنووسی هاوکات لەڕێی دەستکاری کردنی دەقەکانەوە مەسیحیەتی دەقۆستەوە تا بۆ بانگەشە پووچەکەی بەکاری بهێنێ، بەڵکو هەر هەنگاوێکی نا بۆ ساختەکردنی ڕاستی مێژوویی، لایەنێکیشی کە بەرچاوە لایەنی هاندانی دژ بە موسڵمانانە تا هەڵوێستی دەمارگیرانی مەسیحی خاچپەرستیەکان سەرلەنوێ بڵاوبێتەوە، بەڵکو ڕۆژنامەی (تالتیمس) کە بە هۆگری جوولەکەیی ناسراوە هەمیشە باس لە جوولەکەی دەکرد کە ڕۆڵیان دەبینی بۆ هاندان و گەشەپێدانی ناکۆکی نێوان موسڵمانان و مەسیحیەکان. دیارە جوولەکەکان چەند پیلانێکی گەورەیان ئەنجام دان لەپێناو ئەوەدا مەسیحیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی بدەن بە

گژی دەوڵەتی عوسمانیداو لەمەش سوودمەند دەبوون بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی دەوڵەتی ئیسلامیدا.

ئالفرێد لینتال ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت: توانای صەهیۆنیەت بۆ قۆستنەوەی خەڵکی مەسیحی و ڕێکخراوە مەسیحیەکان و کرانەوەی نوێ بەڕووی مەسیحیەتدا بوو بەوەی ژمارەیەکی زۆری جوولەکە لەگەڵ مەسیحیەکاندا هاوسەرگیرییان دەکرد.

لینتال دەڵێت: جوولەکە کاتێ ژنە مەسیحیەکی دەهێنا بەوپەڕی گرنگیەوە لەسەر مەسەلەی ئیسرائیل دەچوو، لە کاتێکدا هاوسەری مەسیحی تەنها دەیتوانی بەنەرمی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕێ ببڕێ.

(عازار وایزمان) دەڵێت: هیچ سۆزو شینێ بوونی نیە تا کۆتایی دێنین بە شارستانیەتی عەرەبی تا لەسەر داروپەردووەکەی شارستانیەتی خۆمان بنیادبنێین.

ئەم دەقانە ئامانجی قووڵی جوولەکە نیشان دەدەن لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی عەرەب کە وەك ڕێبەری جیهانی ئیسلامی سەیریان دەکەن، هەروەها لەبەرئەوەی خاڵی دەستپێکردنی ئیسلام لەوێوە بووە، هەروەها قووڵی ناکۆکی نێوان جوولەکەی تلموودی و عەرەب نیشان دەدات، ئەو ناکۆکیەش مێژووییە لەنێوان نەوەکانی ئیسرائیل و نەوەکانی ئیسماعیلدا کە دەستکاری کردنی دەقەکانی تەورات و گۆڕینی دەسەڵاتی ئیبراهیم تەنها بۆ ئیسرائیلی لێکەوتەوە بێ ئەوەی باسی نەوەکانی تری ئیبراهیم بکرێ. هەروەها چۆن ئیسلام ئەو پیلانەی تێکشکاند و خوا دەسەڵاتی ئیسرائیلی لابردو سپاردەکەی دایە دەست نەوەکانی ئیسماعیل پاش ئەوەی جوولەکە نەیتوانی حەق پەیڕەو بکەن، ئەمە دیارترین گۆڕانی گواستنەوەی پێغەمبەرایەتی و دەسەڵات و پەیام بوو کە لە ئوممەتێ سەندرایەوەو درا بە ئوممەتێکی تر کە شیاوترین بن بەو پەیامە.

لێرەوە هەوڵی مەترسیداری جولەکەی تلمودی بۆ تێکشکاندنی ئەو هێزەیە کە چواردە سەدەیە بەناوی ئیسلامەوە سەرپێ کەوتووە (ئایینی حەقی خوا لەسەر زەویدا). لێرەوە جەختکردنەوەی جوولەکە لەسەر ژیاری عەرەبیە چونکە بە دیواری گەورەی ناو جەرگەی

هەموو جیهانی ئیسلامی دادەنێت و پێی وایە ئەگەر ئەو دیـوارە بڕووخـێ هـەموو ئوممـەتی ئیسلامیش لەگەڵیدا دەڕووخێ. لێرەوە جوولەکایەتی هەوڵ دەدات عەرەبایەتی لەناو بـەرێ و لە ئیسلام جیای بکاتەوەو ململانێی نێوان نەتەوەکان و ئایین دروسـت بکـات و هـەوڵ بـدات چەمکی نەتەوەپەرستی لەناو عەرەبدا بخاتەڕوو هەروەها عەرەب لـە شـەریعەتی ئیـسلامی و ئەخلاق داماڵێ و ئایین لە کۆمەڵگە جیابکاتەوە. زۆریش هەوڵ دەدات ململانێی خۆی لەگەڵ عەرەبدا بکاتە ململانێیـەکی سـنووردار لـە بازنەیـەکی نەتەوەییـدا و لـە چـەمك و واتـای ئیسلامی دووری بخاتەوەو عەرەب و جیهانی ئیسلامی لەیەك جیا بکاتەوە.

بێگومان جوولەکایەتی جیهانی لە جیهانی ئیسلامیدا یـەکبوونی عـەرەب و ئیـسلامەتی جیاکردەوە تا نەهێڵێ عەرەب لە سایەی ئیسلامدا یـەکبگرن و کاربکـات بـۆ قولکردنـەوەی دابەشبوونی ناوچەیی. لەبەرئەوەی یەکبوونی موسڵمانان ڕیشەی قووڵی لە هزری ئیـسلامی و خودی قورئاندا هەیە بۆیە جوولەکەی تلموودی بۆ لـەناوبردنی ئـەو یەکبوونـە دەیـان ڕەوت و مەسەلەو بانگەشەو سیستم و نموونەی بەکارهاتووی ناو ئەورووپای بەکارهێناوە بۆ خراپکردن و شێواندنی چەمکی ئیسلامی کە عەرەب و عەجـەم لـە سـایەی ئیـسلامدا یەکـدەخات. بـۆ بەردەوام جوولاندنی ئەو مەسەلەو وروژاندنی سات دوای سات و بڵاوکردنەوەی و گـۆڕینی بـۆ چەند بیروباوەڕێکی نوێی داهێنراو لەڕێی نێردراوان و کۆمەڵ و ڕۆژنامەکانەوە کاری بـۆ کـرد کە دەرچووانی ئەو پەیمانگایانە کاریان لەسەر دەکردن.

بۆیە ئامانجی بنەڕەتی جوولەکـە داڕمانـدنی بیروبـاوەڕی ئیـسلامی و کێـشانەوەی بـەها مەعنەوی و مرۆییەکان و گومان نانەوەیە لەسەر بیروباوەڕەکان و خستنە بەرچاوی فەلسەفەی گومان و ملهوڕی و بێڕەوشتیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا و نانەوەی گیـانی سـووکایەتیە لـە هەموو جیهاندا کە جوولەکە لەگەڵ ساماندا بەدوو پێنـاوی بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی خـۆی دادەنێ، هەروەها بۆژاندنەوەی بیری بتپەرستی هیلینی مەجوسی بـابلی کـۆن و کردنیـان بـە چەند بیردۆزەو ڕێبازو بەرنامەیەکی نوێ و داهێنراو.

مەترسیدارترین کارێ کە جوولەکە لە جیهانی ئیسلامیدا توانی بەدی بهێنێ دامەزراندنی ئابووری بوو لەسەر بنەمای سیستمی سووخۆری، ئەزموونی ئابووری و کۆمەڵایەتی نیشانیدا ئەو وڵاتانەی سوو خۆری تیایاندا بڵاوبووەتەوە سۆزو میهرەبانی لە نێوانیاندا نەماوە و لەبری سۆزو دادپەروەری دڵڕەقی و توندی جێی گرتووەتەوە، شارستانیەتی ڕۆژئاوا بە ڕەنگە دەروونیە جوولەکایەتیەکانیەوە دروست بوو و تیایدا چاوچنۆکی ماددی بڵاوبوویەوە تا ئەوەی تەنها خەم و هەوڵیان بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی سامان. ئەوە ڕۆڵی جوولەکەیە لە شارستانیەتەکاندا ئەوان هەرگیز سەرچاوەی دروست بوونی شارستانیەت نەبوون بەڵکو پاڵنەری بوون بەرەو بواری نەهێشتنی ئەخلاق و ئاسانکاری پێناوی ئارەزووبازی و هاندان بۆ تاوانکاری و داهێنانی سەماکاری هەست بزوێن و پێشبڕکێی جوانی و ماددە پەرستی لە هەموو شتێکدا و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی لارو لەوێرو بڵاوکردنەوەی زۆرترین کتێبی قەدەغەو گەیاندنی بە بیری گەنجان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی وا کە پەردە هەڵماڵێ لەسەر نهێنی تاوانەکان لەژێر پەردەی بەدواداچوونی تاوان، چونکە ئەو لێکهەڵوەشانە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتی سووخۆرییەو ناکرێ لە کۆمەڵگەیەکدا سووخۆری پەرەبسەنێ کە لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی نەبێ. لێرەوە ئەو جەختکردنەوەیە لەسەر وروژاندنی شەپۆلی لێکهەڵوەشان لە جیهانی ئیسلامیدا هاورێ لەگەڵ پیلانی جوولەکە بۆ نغرۆکردنی گەل و شارستانیەتەکان لە سووکیەکاندا هەنگاوی نا.

ئەوەش بە فعلی چەسپا[1] کە جوولەکە لە ناردنی فەلسەفەو مەزهەبە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزریەکاندا ئامانجی بنەڕەتی بریتی بوو لە دارِماندنی ئایینەکان، بڵاوکردنەوەی مارکسیەت و بوونگەرایی و سریالی و مەزهەبی گەشەسەندن و هەبییەت پێناویان بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ملهوڕی و دەرهێنانی ئیمان لە دەروونەکاندا، توانیشیان دەستەیەك خوێندکار ڕابکێشن تا لە هەموو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا بکەونە وێزەی موسڵمانان و مەسیحیەکان و گەشە بدەن بە بیروڕا وێرانکەرەکان لەنێو خەڵکیدا.

---

١- راجع مقدمة بروتوكولات حكماء عصهيون: خليفة التونسي.

جوولەکە لە بەخشینی ئەو چەمکە کۆنە تلمودیانەدا لێزانانـە مـۆرکێکی زانـستی وایـان پێبەخشیوە کە تەنها کەس خاوەن عـەقڵ و وردەکـار هەسـت دەکـات بـە سـاختەکاری ئـەو کارەیان جوولەکە هەوڵ دەدەن خەڵك دوودڵ بکەن سەبارەت بـە ئایینـەکان، ئەمـەش لـەڕێی ڕەخنەی ئازادو زانستی لێکۆڵینەوەی بـەراوردکاری ئایینـەکان و دابەزانـدنی ڕێـزی پیـاوانی ئایینی جوولەکایەتی توانی لە دانانی چەندین بیروباوەڕو ڕەوتدا کە بەدیهێنـەری بەرژەوەنـدی جوولەکەن سەرکەوتوو بێ. ئیتر دەبینی گیانی هەواداری و بەڵێن کردن بـۆ بـەنی ئیـسرائیل و بیروباوەڕیان خاوەن هەژموون و زاڵە بەسـەر هەنـدێ پـیرۆزی مەسـیحیەتدا، چـی مەزهـەبێ دەربکەوێ کە دوور یان نزیك زیانیان پـێ بگەیـەنێ لـەناوی دەبـەن و دەیکـوژن، هەرچـیش سوودیان پێ بگەیەنێ لە هەموو جیهاندا بایەخی پێ دەدەن، هەروەها گرنگی دەدەن بە هـەر پێنوسێ کە بە نیازەوە یان بێ نیاز خزمـەت بکـات بـەوان و هاریکـار بـێ بـۆ خراپکردنـی ڕەوشتی خەڵك، هەروەك لەگەڵ نیتشەدا ئەوەیان کرد کاتێ هێرشی بردە سەر مەسـیحیەت و ئەخلاقی مەسیحیەت. نیتشە ئەخلاق بۆ دوو بەش دابەش دەکات: ئـەخلاقی گـەورەکان وەك توندو تیژی و سووك سەیرکردنی بنەماکان، ئەخلاقی کۆیلەکان وەك سۆزو چـاکەکاری، ئەمـە لەگەڵ ڕۆح و مێژووی جوولەکایەتیدا دەگونجێ و لە ئەندێشەکاندا ئاسانکارییان بـۆ دەکـات و پێـشەکیەك دەبـێ بـۆ نیتـشە. هـەروەها گرنگـی دەدەن بـە ڕەوتـی گەشەسـەندن و چـەند لێکدانەوەیەکی وای بۆ دەکەن کە بەبیری داروینیدا نەهاتبوو و بۆ لەناوبردنی ئـایین و نەتـەوەو هونەرەکان بەکاریان دەهێنا بەو واتایەی دەیانوت سەرەتا هـەموو شـتێ بەگاڵتـەو سـوکیەوە دەستی پێکردووەو دواتر گەشەی سەندووە، ئیتر هـیچ پیرۆزیـیـەك بـۆ ئـایین و نەتەوایـەتی و یاساو هونەرو هیچ پیرۆزیەك نامێنێ، ئەوان گاڵتە دەکەن بە زانستی ئابووری و کۆمەڵایەتیو زانستی بەراوردی ئایینەکان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بـەکاری دەهێـنن، ئـەدەب و سیـستم و ڕۆشنبیری و عەقڵەکان لە هەموو جیهاندا خراپ دەکەن و چەند بیردۆزەیەکی وای دەخەنە نـاو کە تەنها کەسی زۆر وریاو هەڵکەوتە بە ساختەرکایەکەیان دەزانن.

# باسی چوارەم

## ( مارکسیەت لە بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامدا )

مارکسیەت لە بەرەنگاربوونەوەی مەسیحیەت و هەموو بیری ڕۆژئاوادا خۆی نواندو توانی لە ماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵدا زیاد لە هەزار ملیۆن مەسیحی لە هەموو جیهاندا ڕاکێش بکات، ئیتر هەندێکیان دەبوونە هەڵگری مارکسیەت و هەندێکی تریشیان بەناوی بیری ئازادو چەندین ناو و بیانووی ترەوە وازیان دەهێنا لە مەسیحیەت.

دەکرێ بڵێین بیری ڕۆژئاوا هەر لەسەرهەڵدانی ماسۆنیەتەوە کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ شۆڕشی فەرەنسی کەوتە ژێر قەڵەمڕەوی بیرێکی نوێی فرەجۆری دابەشبووەوە کە کاری ئەوە بوو خەڵکی لەسەر یەك شت کۆنەبنەوە، ئەمە وێڕای ململانێی نێوان کاسۆلیکی و پرۆتستانتی.

ماسۆنیەت لایەنی پرۆتستانتی گرت و بووە پاڵپشتی و کۆڕبەندو پێگەی بۆ دەکردەوە و دواتریش تەنگی پێهەڵچنی، ئەوەش کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە دروستبوونی بەرەیەکی پشتگیرە بۆ بانگەوازی صەهیۆنی کە بانگەوازی دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی بەڵێندراو، چونکە صەهیۆنیەت توانی گورزی خۆی بدات لە لیبرالیەت و سەرمایەداری ڕۆژئاوایی، ئەویش بە خستنەڕووی بیردۆزەیەکی نوێ بۆ دابەشکردنی جیهان بۆ دوو بەرە، ئەویش بەڕاکێشکردنی کرێکاران بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند لەگەڵ سەرمایەداراندا تا ململانێیەکی توند دروست بکات لەنێوان مارکسیەت و سەرمایەداریدا، پرۆتۆکۆلەکانی صەهیۆن هەر لە دەرچوونیانەوە لە ساڵی ١٨٩٧ و پێش دامەزرانی یەکەم دەوڵەت لەسەر بنەڕەتی ئەو سیستمە لە ساڵی ١٩١٧دا ئاماژەیان بەو پیلانە داوە، ئەزموونی یەکەم لە ڕووسیا بوو کاتێ کڵێسای ئەرسەدۆکسی گەورەترین هەڕەشە بوو بەرامبەر صەهیۆنیەتی جیهانی. لێرەوە جوولەکە کەوتنە پارێزگاری لە شۆڕشی شیوعی ڕووسی و بە سامان و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتی ڕووسیدا پشتی گرت تا شۆڕشێکی سووری شیوعیان دامەزراند کە

دەرخواردی گەلی ڕوسیایان کردو گەلیان پێ تواندەوە بەتایبەت موسڵمانان تووشی کوشتت و بڕێکی تەواو سەخت بوون.

زۆر نووسەر ئاماژە دەدەن بە پەیوەندی قوولی دایك و کوڕێتی نێوان صەهیۆنیەت و مارکسیەت وەك ڕێبازو شیوعیەتیش وەك سیستم. زۆرێك وریاییان دا لەمەڕ ئاستی کشانی مەترسیەکە بۆسەر جیهانی ئیسلامی، دوای ئەوەی لە ئەوروپا صەهیۆنیەت سێ هەنگاوی گەورەی نا کە بریتی بوون لە بەرپاکردنی شۆڕشی فەرەنسی لەسەر دەستی ماسۆنیەت و دەستگرتنی جوولەکەی جیهانی بەسەر کۆمەڵی نوێی ئەمریکیداو دامەزراندنی دەوڵەتی بەشەفی لە ڕووسیا کە هەنگاوی یەکەم بوو لەڕۆژهەڵاتدا بۆ چوون بەرەو هەنگاوی کۆتایی کە لێدانی خیلافەتی ئیسلامی بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا و ڕووخاندنی ئەو دەوڵەتە بوو.

بەڵگەنامەکانی صەهیۆنیەت بەوپەڕی ڕاشکاویەوە ئاماژە دەدەن بەوە (ماری جوولەکە لە ڕێگەیدا بەرەو ئۆرشەلیم بەسەر قوستەنتینیەدا کشاو خیلافەتی ئیسلامی وێران کرد، پێش گەیشتن بە ئۆرشەلیم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هەر ناچاری بوو کە دەبوو ئەو خیلافەتە بڕوخێنرێ). ئەوانەی بڕواننە باری تورکیا دوای ڕووخانی خیلافەت و پەیڕەوی دەسەڵاتی تورکی نائایینی لەلایەن موستەفا کەمال ئەتاتورکەوەو دانە پاڵی تورکیا بۆ لای ئیسرائیل، چاك دەستی جوولەکە دەبینن لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی تورکیادا، ئەمەش پێشبینیەکی نیلۆس بوو.

ئەو نهێنیەی کە ئەدۆرسپیزەر (لە ڕۆژنامەی ئالتیمس ١٩ مایۆی ساڵی ١٩٤٨)دا درکانی پەیوەندی بەوەوە هەیە کاتێ دەڵێت: صەهیۆنیەت سەلماندی کارەساتێکە هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات. دەرگاکانی کردەوە تا شیوعیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەگ داکوتێ کە لەوانەیە لەو ئەنجامەوە کارەساتێ ڕوویدات کە ئەنجامەکەی دیار نەبێ و پەیوەستیش بێ بە شارستانیەتی ڕۆژئاواوە.

نیشانەیەکی ئەو پەیوەندیە ئەوەیە پرۆتۆکۆلاتی صەهیۆن کە بۆ یەکەم جار (سرجی نیلۆس) لە جیهاندا بلاوی کردەوە بە زمانی ڕووسی بلاوی کردەوە پێی دەوترا (ئینجیلی بەلشەفی).

(فرانك بریتۆن) لە کتێبەکەیدا (صەهیۆنیەت و شیوعیەت) دەڵێت: بە ڕووکەش صەهیۆنیەت لە سێ مەسەلەدا لە شیوعیەت جیاوازە:

**یەکەم:** ناوەکەی: لە صەهیۆنیەتدا تایبەتمەندی هەیەو لە شیوعیەتدا گشتگیری هەیە.

**دووەم:** مەڵبەندی چالاکی: مەڵبەندی چالاکی صەهیۆنیەت ناوەکەی بە ڕۆژئاواوە پەیوەستەو ئەمریکا ڕێبەری دەکات، پێگەی چالاکی شیوعیەتیش لە ڕۆژهەڵاتەو ڕووسیا ڕێبەری دەکات.

**سێیەم:** شێوەی کارکردن: صەهیۆنیەت بازرگانی بە سامانەوە دەکات و لە کاتی پێویستدا پاڵپشتی دەبێ، شیوعیەت بازرگانی بە پڕوپاگەندەوە دەکات و لەکاتی بەجێگەیاندندا بە سامان پاڵپشتی دەکات.

بەڵام خودی ڕاستیەکە ئەوەیە صەهیۆنیەت و شیوعیەت دوو لقن کە سەرچاوەو سامان و کرۆکیان یەکە، ئەو دەستەی لەپشت پەردەوە بەڕێوەیان دەبات یەك دەستەیە، جیاوازی ڕوکەشیان تەنها ڕێکخستنی بارێکە کە دڵنیایی سەرکەوتنی هەوڵ بۆ یەك ئامانج دەیخوازێ. تا ئەگەر متمانەی سەرکەوتنی تەواو هەبوو هەردوو پێکەوە هەنگاو بنێن بۆ دەست گرتن بەسەر جیهاندا. هیچ دەرفەتێکی نکوولّی لەوە نیە کە جیهانی ئەمرۆ دابەش بووە بۆ دوو بەش ئەگەر چی ئەوە پێی دەوترێ ڕۆژهەلات شیوعیەت بەسەریدا زاڵە، بەڵام حەسانەی صەهیۆنیەت ڕێ نادات دەسترۆیی ڕەسمی صەهیۆنیەت بەسەر ڕۆژئاوادا نیشان بدرێ، چونکە وەك شیوعیەت مولکداریەکەی ڕانەگەیەنراوە بۆیە لەبری ئەوەدا سەرمایەداری هەیە کە لەبری شیوعیەت زاڵە بەسەر بەشەکەی تردا، دیارە صەهیۆنیەت کەلەژێر ناوی ئیسرائیلدا دەرکەوت دەسترۆیی ماوە فراوانی هەیە بەسەر هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا.

سەرمایەداری و شیوعیەت بانگەوازیان بۆ وەرگرتنی دیموکراتیـەتی تـەواوەو هـەرکامیان ئەوی تریان تۆمەتبار دەکات بە ژاوەژاو خستنە سەر ئاشتی جیهانی و هەردووکیشیان لەسەر ژاوەو پشێوی ئەندێشەکان یەك و گونجاون.

دەبێ گەلان بزانن مەترسیەکە چەندو چۆنەو ئەگەر ڕانەچڵەکن و خۆیان کۆنەکەنەوە تووشی زەلیلی و شکست دەبن و تەنانەت لە ئازادی بیرکردنەوەش بێبەش دەبن چونکە ئەو دەستەی لەپشت ئەو دوو بزاڤەوەیە هیچ خۆشەویستیەکیان لەگەڵ گەلاندا نیە، مرۆڤایەتی بەدرێژایی سەدەکان هەوڵی زۆری دا تا لەوە هەرس بکات بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، مرۆڤایەتی فینیقی و قووتی و هەڵکەوتەکانی پێ هەرس کرا لەسەر ئەو بنەمایەی بران و ئەگەر تێکەڵ بن زیانمەند نابن، بەڵام ئەم دەستەیە وەك ئەو باڵندەوان کە هێلکەکانی دەخاتە هێلانەی چەند باڵندەیەکی تر، کە بێچووەکانی هاتنە ژیان ڕێ لەق دەکات بە بێچووەکانی تـرو ناچاریان دەکـات لـە هێلانەکە دەرچن یان ملکەچی بن.

لێرەدا دوو هێز هەن لەپێناو قەڵەمڕەوی جیهانیدا ململانێ دەکەن، مەسیح و مەسیحی دەجال، ئەمە جەنگی ژیان یان مەرگی ئەزەلیە.

جوولەکایـەتی تلمـوودی تـۆوی شـیوعیەت و صـەهیۆنیەتە، ئـەم دووانـەش بەرامبـەر مەسیحیەت وەستاون و لەو کاتەوە دڕندە سوورەکان لـە سـاڵی ١٩٧١دا دەسـترۆ بـوون بـە ملیۆنەها شوێنکەوتەی مەسیحییان سزاداو بێزارکردو دوورخستەوەو کوشت.

فرەنك لی بریتۆن ئاماژە دەدات بە خاڵی دەست پێکردن کە ئەویش (یهـود الخـزر) بـووە، خەزەر ئیمپراتۆریەتێکی باشووری ڕوسیا بوو لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا کە ژمارەیەکی زۆری جوولەکەی بیزەنتە دزەیان کـردە ئـەوێ. ئـەو ئیمپراتۆریەتـە لـە سـەدەی دەیەمـدا داڕمـاو ژمارەیـەکی زۆری جوولەکـەش لـەو دەوڵەتانـەدا نیـشتەجێ بـوون کـە دواتـر دەرکـەوتن گرنگترینیان پۆلۆنیا، هەندێکی تریان بەرەو ڕۆژئاوای ئەوروپاو ئیسپانیا چوون، جوولەکـە لـە پۆلۆنیا تا ساڵی ١٢٠٠ قەڵەمڕەوێکی گەورەیان هەبوو، ڕوسیا بەهۆی دابەشکاری سێیەمی پۆلۆنیاوە زیاترین ژمارەی لەئاست جوولەکەی جیهاندا بەرکەوت ئیتر مێژووەکـەی پەیوەنـدی

تەواوی هەیە بە مەسەلەی جوولەکەییەوە، دواجاریش جوولەکە بوویە هۆکاری دارمانی ئیمپراتۆریەت.

هەروەها دەڵێت: جوولەکەی نوێ بە ڕۆشنبیری جوولەکەییەوە جیایە لە جوولەکەی تەورات ئەو بڕوای نیە بە تەورات بەڵکو بڕوای هەیە بە تلموود، بە عیبری قسە ناکات بەڵکو جوولەکایەتی دارجە لە وەچەی ئیسرائیل نیە بەڵکو لە وەچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست.

(ه.ج.ولز)[1] ئەوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: بیرۆکەی جوولەکەیی تا ئێستاش تێکەڵەیەکی نامۆی لێبووردەیی ئایینی و ڕەگەزپەرستی توندە، جوولەکە بۆ دڵسۆزێکی تایبەت دەگەڕێن، مەسیحێ کە مرۆڤایەتی ڕێك بکاتەوە بە گێڕانەوەی شکۆی خورافی داود و سولەیمان، دواجاریش جیهان بخاتە ژێر دەستی جوولەکەوە.

فرانك لی بریتۆن ئاماژە بەوە دەدات ناوچە تایبەتە جوولەکەییەکان لە قەرەمەوە تا دەریای بەلتیق دەچن (قەرەم لەسەر دەریای ڕەشە تا دەریای بەلتیق لە باکور) ئەمەش نیوەی ڕووبەری خاکی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەکات. تا ساڵی ١٨٨١ گەشەسەندن و سەرکەوتنێکی بێوێنەیان بەخۆوە دی، جوولەکە وەك کولله بدات بەسەر کێڵگەی گەنمەشامی تازەدا ئاوا دایان بەسەر ئابووری ڕووسیدا، ئەوانەی لە ساڵی ١٩١٧دا تیایدا بوون گەیشتنە حەوت ملیۆن جوولەکە کە نزیکەی جوولەکەی جیهانیان پێکدەهێنا.

لەو داگیرگەیەدا دوو فەلسەفە گەشیان سەند: شیوعیەت و صەهیۆنیەت. هەردوو بزاڤەکەش وەك پەرچەکرداری جوولەکە دژ بە ژیاری مەسیحی چەوسێنەرەوەی گەلی هەڵبژاردە گەشەیان سەند، هەردووکیشیان کاتێ بڵاوبوونەوە کە جوولەکە کۆچی کرد. تا ساڵی ١٨٨٢ جوولەکە توانی جێ پێی خۆی لە ئابووری ڕووسیدا بچەسپێنێ بەجۆرێ دەوڵەتی بەرەو مایەپووچی برد، کاتێ ڕووسیا ویستی لەشوێنی خۆیان و لەو کەشەدا دەریان بکات هەردوو بزاڤە مارکسی و صەهیۆنیەکە جڵەوگیری جەماوەری جوولەکەی ڕووسیا بوون،

---

١- خلاصة التأريخ من ٤٩٣/٤٩٣ طـ٣.

